# شانۆی کوژراو

## نیهاد جامی

2016



ناوی کتێب: شانۆی کوژراو

بابەت: شانۆیی

نووسەر: نیهاد جامی

دەرهێنانی هونەری: نووسەر

چاپـــی یەکـــەم: 2016

تیراژ: (300) دانە

بە نەوەی کوژراوی شانۆکەمان

(1)

جیاوازبوونی شانۆیی پرۆسەیەك نیە بۆ خۆجیاکردنەوە، پرۆسەیەکی کولتورییە، پەیوەستە بەعەقڵیەتی شانۆکار لەپەیوەندیی نێوان کولتورو شانۆ، ئەوە پەیوەندیکردنەوەیە بەئاستە کۆمەڵناسیەکانی شانۆ، خوێندنەوەی ئاراستە کۆمەلآیەتیەکانە، نەبوونی پرۆسەیەکی خوێندنەوەی ڕەخنەیی لەئاستی دەرهێنان و ڕەخنە شکستی گوتاری شانۆییە، ئەو دەمەی وێنەی شانۆیی پەیوەست نیە بە کولتوری کۆمەڵگاوە، ئەو کاتە وێنە خاڵیە لەماناکانی بوونی ئێمە وەك مرۆڤێك لەو کۆمەڵگایەی تیای دەژین.

کاتێك ڕاپەرینی بەهاری نەوەت ویەك سەریهەڵدا، شانۆی ئێمە بەهۆی تێگەیشتن لە دۆخە نوێکەی کۆمەڵگا نەبوو، کە ڕوویکردە تەلەفزیۆنەوە، جێهێشتنی شانۆ لەو دۆخەدا تێنەگەیشتن بوو لەخۆی وەك شانۆکار، دواتر نە ناسینی کۆمەڵگا، ئەو



دەمەی شانۆکاران شانۆکانیان جێهێشت وڕوویانکردە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەرکەوت ئەو درووشمەی هەمیشە پێمانی دەووت "شانۆ قوتابخانەی گەلە" هیچ نەبوو، جگە لەدرۆیەکی خەڵەتێنەر، چونکە لەپێناو دەرکەوتن لەشاشەکان وکاری درامی، قوتابخانەکان چۆل کران، چیتر گەل شانۆیەکی نەبوو کە قوتابخانە بێت.

دەبوو لەو کاتەدا شانۆ بەدوای پرسیاری خۆی بگەڕێت، پرسیارێك پەیوەست بێت بە پرسیاری ئازادی، بەلآم ئازادی مرۆڤی کوردیی ترس بوو لە وون بوون، ئەوە ئەگەر ئەو قسەیە راست بێت ڕاپەرین ئازادی هێنا، نەك بەتەنیا ڕزگار بوون لەدەستی بەعس و تەسلیمبوونەوەی ئەو مرۆڤە بۆ ژێر حوکمی حزبە کوردیەکان.

بۆیە بۆ وون نەبوون هەموان چوونە ژێر دەستی حزبەکانەوە، بوونە رۆژنامەنووس وبێژەرو درامای کۆمیدیی ودرووستکردنی دراما بۆ ستایشی هێزە کوردیەکان، ساڵەکان تێدەپەڕن وتا ئەم ڕۆژگارەشی لەگەڵدا بێت،

**ستایشی حزبی کوردیی لەدراماو زنجیرە تەلەفزیۆنیەکان درێژ دەبێتەوە، ئەوە بۆ حزب درێژبوونەوەیە لەناو حیکایەتی ڕابردوو، بۆ هونەرمەندەکانیش ترسە لەوون بوون، ترسێك لە ئازادیەوە هاتووە، دوای ئەوەی ئەو حەسارە گەورەیەی بەعس ڕووخا.**

**ئەو شانۆکارە هەستی بە هەتیووی کرد، بەڕاستیش هەتیووە، کەس خاوەنی نیە، بۆ تەریق نەبوونەوەی خۆی حزب فەرمانگەیەکی تەقلیدی لەشانۆکاران کردۆتەوەو ناوی ناوە بەرێوبەرایەتی شانۆ.**

**بۆیە رۆژگاری سەر هەڵدانی ڕاپەرین یەکەم ساتەوەخت بوو بۆ چۆلکردنی شانۆکان، ئەوە جگە لەچەند هەوڵێك، لەم رۆژگارە ئەو سەرگەردانیەی باسی دەکەین ڕووبەرووی حوسێن میسری بۆوە لە بانتۆمایمی (سەمایەکی بێ ناونیشان) بۆیە شانۆکان لە دیکۆرو هەموو شتێك خاڵی کرانەوە، ئەوە لەساتی چۆلکردنی مالی کوردیی دەچێت لە کۆڕەودا، بۆیە کاتێ ئەوانە بە پاسکیلەکان و**



**بە ئاوێنەیەکەوە دێنەوە، گەڕانەوەی شۆرش وحەقیقەتی کوردبوونە، ئەوە وێنەیەکی ڕاستەقینەیە، بەلاّم وێنەیەك هەڵگری پرسیارەکان نیە، بەقەد ئەوەی لەئێستایەکی سەرگەردان دەخولێتەوە، ئەو پرسیارە تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوازی جیاواز لەشانۆگەری (مارا- صاد) ی رزگار ئەمین خۆی دەخاتە ڕوو، لێرەدا رووبەرووی ئەو ڕاستیە دەبینەوە بۆچی ئێمە لەماناکانی شۆرشدا لەدەرەوەی ئەزموونی مالّ (تەختەی شانۆ) شۆرش وشکست وساتەکانی چێژ بەرجەستە دەکەین؟**

**کاتێك ووشە دەچێتە ئەو ئاستی ناتێگەیشتنە لەیەکتری ئاخۆ پێویستە ئێمە لەم ڕووبەرە ڕووبەرووی قسەکردن ببینەوە؟ ئێمە لەبونیادی نەستی خۆماندا لەناو وێنەکان غەرق دەبووین، بەلاّم ئاگاییمان هەر هەمان وێنە بوو، ئەوە گرفتێکی ئەو رۆژگارەی ئێمە بوو کە ڕزگار ئەمین دەبوو، دنیای نەست کە دنیای وێنە شانۆییەکەمان بوو نەدەبوو هەمان دنیای واقیعەکەمان بێت،**

کەچی ئەو هەوڵیدەدا لەناو تێکستی نمایش ئێمە ئێستای خۆمان بدۆزینەوە.

لێرەدا کاتێ ئاماژە بۆ ئەو دوو نمایشە دەکەین وباس لەهەندێك هەوڵیتر ناکەین، هۆکارەکەی ئەوەیە زۆربەی هەوڵەکانی تر ویستوویانە هەمان وێنەی ساتەوەختی هەڵچوونی شەقام بگوازنەوە ناو شانۆکان، بۆیە کە ئاماژە بۆ ئەو دوو نمایشە دەکەین لەتەقەللاکانیتر جیاوازە، کە دەکرێ هەوڵیتریش هەبوو بێت وئێمە بێئاگا بووبین لێی ونەمان بینیبێت، بەڵام دەکرێت ئەو دووانە وەك عەینەیەك وەربگرین تاوەکو پەیوەندیی خۆمان وەك شانۆکار لەتەك کولتووری کۆمەڵگا و ساتەوەختە زیندەگیەکان بزانین.

کاتێك بەرەو جۆرە ئاگۆمێنتێکی ئەو ڕۆژگارە دەگەڕێینەوە، لەدەرەوەی پڕۆسەی بینینەوە، بەڵکو لەئاستی تێکستی ڕەخنەیی وتارێکی شێرزاد حەسەن وەردەگرین، لەبارەی نمایشی (شەوی بکوژان) ی ئیسماعیل هەورامی، لێرەدا کە تەنافی جل



وبەرگ دەبێتە سینۆگرافیای نمایشەکە، ئەوە وێنەیەکی خۆ ئامادەکردنەوەی مرۆڤەکانە بۆ شووشتنی گەمەی تاوانی کوشتنی باوك، لێرەدا دیدی شانۆکارێکی کورد بۆ کوشتنی باوك لە ڕاپەریندا لەفۆڕمی گەمەیەك بەرجەستە دەبێت، گەمەیەك دەبێت خێرا جلەکانمان بشۆین تاوەکو دنیا لەو گەمەیە بە ئاگا نەیەتەوە، ئەو دیدگایە بۆ نمایش ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دەبەخشێتە تێگەیشتنی کۆمەڵگا بۆ ڕاپەرین، بەوەی ئێمە چیمان کرد و ئاخۆ بەر سزای دەسەڵات ناکەوین لەهەوڵی گەمەیەك کە بەکوشتنی دەسەڵات کۆتایی بێت.

ئەو سەرەتایە لەبیرکردنەوەی شانۆکاری کورد، وێنەیەکی ڕوون نابەخشێتە وێنە شانۆییەکەمان بەهۆی ئەوەی پێویست بوو لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی تێکست وچۆنیەتی خوڵقاندنی ئەتمۆسفێری شانۆیی وێنەیەك نەبێت خاڵی بێت لەدنیای ئێمە، بەڵکو ئەو دنیایە دەبوو بە وێنەی تر ڕەنگ بداتەوە، لێرەدا ئاماژەکردن بۆ چەند هەوڵێك

ڕەنگە نیگەرانی درووست بکات، بەڵام نیگەرانییەك کە حەقیقەتی وێنە شانۆییەکەمانە، بۆیە نمایشەکانی (دیکتاتۆر) ی نیاز لەتیف (دەروێشەکان بەدوای ڕاستیدا وێڵن) حوسێن میسری (نرخی ئازادی) ژیلوان تاهیر، (زەلیل) ی سەربەست عومەر، ئەو نمایشانەن کە لەناو گواستنەوەی وێنەکانەوە بۆ سەر شانۆ، پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە لەو عەقڵیەتە شانۆییەی کە وێنە شانۆییەکان بەرجەستەی دۆخی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بێت نەوەك وێنەیەك بێت گواستنەوەی دیمەنی ناو خودی ژیان خۆی.

یاخود شانۆگەری (شورەی چین) ی ئەرسەلان دەروێش، لەم نمایشەدا خاڵێکی گرنگ کە هەیە هاتنی خانی لەپ زێرینە بۆ لای ئیمبراتۆر تا دەنگی کورد بگەیەنێت، ئەوە لەئاستی فیکریدا گرنگیەکی تایبەتی لەپەیوەندیکردن بەدنیای دەرەوە هەیە، بەڵام کاتێك دەبینین دیکۆری نمایشەکە میزەلان پری دەکاتەوە، لێرەدا ڕووبەرووی دوو مانا



دەبینەوە، مانای یەکەم وەك تێگەیشتنی بەرایی هەر بینەرێك گوزارشت لەساتەکانی شادی ئێمە دەکات، بەڵام مانای دووەم کە دەبێت ڕەهەندێکی کولتووریی هەبێت، ئەو مانایە وونە و لەناو مانای یەکەم دەخنکێت، چونکە جگە لەکارێکی زەخرەفەیی توانای کرانەوەی نیە بەسەر دەلالەتدا.

لێرەدا پێویست دەکات ئاماژە بۆ نمایشی (فەرهاد وئەزموونێکی نوێ) بکەین، نوسینی بەڕێز مەجید ودەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش، داستانی شیرین وفەرهاد لەوێنەیەکیتر بنیاتنی ڕابردوو دەکەنەوە، ڕابردوویەك بەشێکە لەکێشە هەنووکەییەکانی ئەو ساتە وەختە ئەوە ترسە لەزیندەگیەك کە ئەو هەنووکەیە تیای دەژین، بۆیە فەرهاد لەنێوان عیشقی بۆ شیرین وکونکردنی بێستوون بۆتە دوالیزمێك کە بەشێك لەو ساتەوەختەمان هەڵدەگرێت.

ئەو وێنەیە لەلای دلشاد حوسێن لەنمایشی (کەلاوەی نان) دیدێکیترە بۆ ژیانی ئیمە، سەر شانۆ بەتاڵە کارەکتەرە سەرەکیەکە

لەڕێگەی گێڕانەوەو گەڕانەوە بۆ ناو یادەوەری لەگەڵ عەرەبانەکەی دەستی دەچێتەوە ناو وێنەکان وکۆرس کۆمەکی زۆری پێدەکەن، ئەو نمایشە سەرباری ئەو بەتاڵیە سەر شانۆ، کە پێی ووتین حەمەی ئاشەوان هیچی نیە بۆ ئارامی، لەهەمان کاتدا توانیبووی وێنەیەکی ڕوونی مرۆڤی پرۆلیتار بخاتە ڕوو، کە کاتێ شۆرش دەکەن سەرەنجام شۆرش لەدەرەوەی دنیای ئەوانە، ئەوان خۆیان وئەوانەی هەیانە دەیبەخشن.

لێرەدا نابێت لەو قۆناغەدا ئاماژە بۆ شانۆگەری (گولعومەر) ی عوسمان چێوار نەکرێت، کارێك لەسەر شێوازی ریالیستی، بەلام ئەو ریالیستی بوونە دەیویست جۆرێك بێت بۆ ووریاکردنەوەمان بۆ داهاتوو.

بۆیە کارەکتەرێك کە نادیارە ئێمە هەستی پێ ناکەین فەرامۆشی دەکەین پشتی لەئێمەیە، دواتر هەر ئەو کارەکتەرە دەتوانێ ناپاکی بە ژیان ومناکانی جوانیمان ببەخشێت.



بۆیە چەمکی جیاوازبوونی شانۆیی، لەلای ئێمە وەك چەمکێکی کارکردن پەیوەست نەبووە بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەمان بۆ کولتور ئاماژەکردن بۆ ئەو نمایشانە لەرۆژانی ڕاپەرین سەرەتای دۆزینەوەی پەیوەندیەکی نوێیە بۆ خوێندنەوە، بۆیە ئەگەر هەندێك هەوڵ جێگای ئومێد بن، بەلاّم پێویستیان بەتێگەیشتنی فراوانتر هەبووە، گرفتەکە ئەوە بووە لێکترازانێکی سەیر لەنێوان مەعریفەی کۆمەلاّیەتی ومەعریفەی شانۆیی هەبووە.

شانۆکاری کورد نەبۆتە کەناڵێك بۆ گەیاندنی ئەو دوو مەعریفەیە بەیەکتری، بۆیە هەمیشە یەکێکیان کاری تیا کراوەو ئەویتریش وون بووە، ئەوەش وایکردووە جیاوازبوونی شانۆیی نەبێتە سیمایەکی دیاری ئەو پرۆژە شانۆییە، کە لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەو تێگەیشتنە بۆ قسەکردن لەپەیوەندیی کارکردن بگوازینەوە بۆ هەوڵە شانۆییەکان لەسەردەمی شەری حزبە کوردیەکانەوە.

(2)

هەمووman باس لەمەرگی شانۆ دەکەین, بەبێ ئەوەی بەرامبەر بکوژ بووەستین, لەبەردەمی ئێمەدا هەرچی جوانی هەبوو کوژرا, شانۆ وەك نەوەرەسەکەی چیخۆف بەدەست یەکێك لەکارەکتەرەکانەوە کوژرا, ترسنۆکێك کە لەماناکانی شانۆ نەگەیشت, ئەوە تاکە کەسێك نیە سیماکەی وەك خودێك دەربخەین, بەڵکو ئەو بکوژە بەدەمامکی شۆڕشگێریی هاتووە, لەشاخەکانەوە حیکایەتی ئەفسانەی خۆی پێیە, هەر کاتێ گومان لەو حیکایەتە خورافیانەی ئەو بکەین, ئێمە دوژمنین, دوژمن کێیە؟.

دوژمن هەر کەسێکە کە بەجیاواز لەشۆڕش بیر بکاتەوە, شانۆکانمان دەبێت چیرۆکی سەرکەوتنی ئەفسانە بگێڕنەوە, بۆیە لەگەڵ یەکەم ساتەوەختی ڕاپەرین یان شانۆ بوونی نامێنێت, یاخود سەر شانۆکان دەبێت پڕ بکرێن لەو بابەتانەی کە باس لەچیرۆکی شۆڕش وکارەکتەرەکانی دەکات, حزبی کوردیی لەگەڵ هاتنی بۆ ناو شارەکانمان



شانۆکانمانی زەوت کرد, کاتێك شانۆکارانێك نەیانوویست تەسلیمی ئەو دۆخە بن, ئەوە بۆ ئێمەی عاشقی شانۆ گرنگ بوو, بۆ حزب هیچ گرنگیەکی نەبوو, چونکە مناڵە ساویلکەکانی ئەخستە سەر شانۆکان تا بەناوی کوردبوونەوە شانۆی ئاست نزممان بۆ نمایش بکەن.

لێرەدا بۆ ئەوەی لەسەر چیرۆکی قوربانی وجەللاد قسە بکەین دەبێت ئەوەمان لەلا ڕوون بێت, کە حزب دەبێت بە جەللاد و شانۆ دەبێت بە قوربانی, بۆ قسەکردن لەو دوالیزمەی پەیوەندیی دەبێت سیماکانی سەر ڕووی حزبی بکوژ بخەینە ڕوو, لەپاڵ ئەوەدا پێمان شەرم نەبێت کە لەسەر شانۆی کوژراومان قسە بکەین, با گوێ نەدەینە ئەوەی کە ئێمە تاکە کۆمەڵگای دنیاین کوژرانی شانۆمان بەدەستی کارەکتەرە سیاسیەکانمان وحزبەکانمانەوە بووە, شەرم لەوەدا نیە, کە باس لەشانۆی کوژراو دەکەین, شەرم لەوەدایە بێدەنگ بین وساڵەکان تێدەپەڕن، ئێمە نەمانەوێ

لەحەقیقەتی کوشتنی شانۆکەمانەوە قسە بکەین, بەتایبەت لەئێستادا کە بڕوامان وایە بەدوای ئەزموونی حوکمڕانی کوردیی ساتەوەختێکمان نیە گرنگتر بێت لەئێستا کە باسی شانۆکەمان بکەین, چونکە شانۆکەمان ئەو تەرمە نەبوو بەرەو گۆڕستان ببردرێت, بەڵکو ئەوەتا شانۆی ئێمە خەریکە لەسەر دەستی شانۆکارانی جدی ئەگەر ژمارەشمان چەند گروپ ودەستەبژێرو هەندێك هەوڵی تاکگەرایانەش بێت, بەم وا لەهەوڵی ئەوەداین لەژووری ئینعاش بیهێنینە دەرەوەو بەرەو چارەسەرکردنی لەمەرگ بیبەین.

(3)

دوو رووداوی گرنگ لەمێژووی نوێی ئێمەدا کە ڕوویداوە ئەنفال وهەڵەبجەیە، بەواتای ئێمە بەتراژیدیاوە لەناو سەدەی بیستەم وەك قوربانی بۆ دنیا خۆمان نمایشت ئەکەین، ئەو تراژیدیایە وایکرد حزبە کوردیە دوژمنەکان بەیەکتری لەناو بەرەیەکی



کوردستانی ئاشتت بینەوە، ئەو یەکبوونە یەکگرتنێك نیە لەپێناو کوردبوون، بەڵکو ترسە لە لەناوچوونی حزب، کە بەرەی حزبە نەك کوردستانی، بەلاّم بەرەنجامی دۆخێکی تراژیدیی کۆمەڵگای ئێمەیە.

فاشیزمی بەعس بەم دوو تراژیدیایە وێنەی بالاّی فاشیزمێکی تۆقێنەری بەخۆی بەخشی، بەتایبەت دوای جەنگە درێژخایەنەکەی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێران، ئەمجارە ئەو فاشیزمە ترسناکە لەم دوو تراژیدیا بێوێنە لەبەرامبەر کورد خۆی خستە ڕوو، ئەوە هاوکات بوو لەگەڵ ڕووخانی بلۆکی سۆسیالیستی، بلۆکی سەرمایەداری کە نوقم بوو لەناو شادیەکانی هێزیی خۆی.

کاتێ سەرۆك کۆماری عیراق وەك دەنگێکی نارەزایی پێشتر لەگەل گۆرباتشۆف دیداری سازکردبوو، ئەوە تووڕەیی ئەمریکا کە نوێنەرایەتی ئەو بلۆکەی دەکرد بەتەواوی تورەی کرد، بۆیە لەبەرامبەر ئەو دوو ڕوداوە گرنگەی مێژووی ئێمە ئەنفال وهەڵەبجە بۆ ئەمریکیەکانیش سەرکەوتنیان بەسەر بلۆکی

سۆسیالیستی، ئەمریکاو عیراق وەك دوو نمونەی سەرکەوتووی جەنگ دەردەکەوتن، بەتایبەت کە عیراق نەدەوەستاو کوێتیشی دەگرت، ئەوە وای دەکرد ئەمریکیەکان بەئاگا بێنەوە، لەکوێت وەری بنێن وهاوکاری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق بکات، سەرەنجام ڕاپەرینی بەهاری نەوەت ویەك سەرهەڵدەدات وبەعس لەکوردستان دەکرێتە دەرەوە، کورد بۆ خۆی لەئەزموونی بەرەییەوە بەرەو ئەزموونی پەرلەمانی دێت.

راپەرین کۆتایی هاتن بوو بە دەسەڵاتی بەعس وئەزموونی حوکمڕانی کوردیی بوو، بەدوای ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی بەتەواوی پێکهاتەکانیەوە لەگەڵ حزبەکان ڕژانە شەقامەکان وکۆتاییان بەدەسەڵاتی بەعس ودامەزراوەکانی هێنا، ئەوە ئومێدێك بوو کە ئێمە بە تراژیدیاوە کۆتایی بە سەدەی بیستەم ناهێنین، بەڵکو ئومێدی خەونبینین بەدنیاوە دەچینە ناو سەدەیەکی نوێوە.

هێندەی نەبرد حزبە کوردیەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمە هاتن کە هەرچی



جوانیەك لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیا بوو کوشتیان، ئەو کوشتنە کۆتایی هاتنی جوانیناسی وسەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیا بوو، لەکاتێکدا شەری دنیا کۆتایی هاتن بوو بە ململانێی ئایدیۆلۆژی، کەچی حزبە کوردیەکان هاتن بۆ ئەوەی ئەزموونی ئایدیۆلۆژی بگوازنەوە ناو کۆمەڵگای کوردیی، دیارە لەو گواستنەوەیەشدا سەرکەوتن.

تەواوی دامەزراوە فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگای خستە کار بۆ ئایدیۆلۆژیا، گۆرانی بێژو ئەکتەرو نوسەر لەناو تەلەفزیۆنەکانی حزب ورۆژنامەکانی حزب خۆی بینیەوە، نوسەرو هونەرمەندان شەڕیان بوو بە شەرکردن لەگەڵ هاورێکانی خۆیان، شانۆکان ودیدارە ئەدەبیەکان وپیشانگاکان خاڵی بوون، بارەگاکانی حزب وئۆرگانەکانی ئاوەدان کران.

نەتەوەی قوربانی لەبەردەم تراژیدیای مەرگدا، بڕوای وابوو ئەوە ڕزگاربوونە لە مەرگ، ئەوە بە ساتی خەون تێگەیشت،

لەکاتێکدا ئێمە لەبەردەم سەردەمی کوشتنی خەوندا بووین، حزبە کوردییەکان خەون وجوانییان دەکووشتین وئێمەی تۆقیوو لەهەڵەبجەو ئەنفال بێدەنگ وەك فریادڕەس سەیرمان دەکردن، تا سەرەنجام بینیمان دەنگە جدییەکانی شانۆکەمان سەری خۆیان هەڵگرت ورۆیشتن، هێشتا کەسانێك هەبوو ئومێدمان پێیان بێت، لەو رۆژگارە ژمارەی ئەزموونی گۆڤاری (ئەزموون) ی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردیی دەرچوو، کە سەرنووسەرکەی دانا رەئوف بوو
ئەو گۆڤارە گرنگی لەوەدابوو دیدێکی رەخنەیی بۆ شانۆکار بنیات دەناو دەیتوانی پەیوەندیی لەنێوان شانۆکارو بینەر بخوڵقێنێت، بەلام دۆخە ترسناکەکەی حزبە کوردییەکان بکوژی ئەو خەونە وچەندان خەونی تری ئێمە بوو.
ئێمەی قوربانی لەبەردەم ئاهەنگی حزبەکاندا بووینە شاهیدی شانۆی کوژراومان، ئیستا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو شانۆ کوژراوە زیندوو دەکەینەوە؟ ئەوەش پێویستی



بەخوێندنەوەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات ومەعریفەیە، دەسەڵاتی حزبی ومەعریفەی شانۆکار ئەو دوو چەمکەن دەتوانین لەو رێگەیەوە ئیش لەسەر پرسیارەکەمان بکەین.

(4)

بۆ ئەوەی قسە لەو دوو چەمکە بکەین، دەبێت سەرەتا لەدوو چەمکی سەرەکی ئەو باسەوە بدوێین ئەوانیش دەسەڵات ومەعریفەیە، لەکورترین پێناسەدا لەڕوانگەی فەیلەسووفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین کە دەسەڵات بریتییە لە پەیوەندییەکانی هێز، ئەوەش دەبێتەوە بەرهەم هێنەرەوەی مەعریفەو مەعریفەش دەبێتە بەرهەم هێنەرەوەی دەسەڵات.
دیارە لەڕوانگەی فۆکۆوە دامەزراوەکان دەسەڵات بەرهەم دێنن، بۆیە دامەزراوەکان دەزگای بەرهەمهێنەری دەسەڵاتە، ئەو دەسەڵاتە لەڕووی پسپۆری دامەزراوەییەوە جۆرێکە لەبەرهەم هێنانەوەی مەعریفە، بەرێوبەری نەخۆشخانە و بەرێوبەری زیندان

وەك یەك مومارەسەی دەسەڵات دەكەن، بەهۆی ئەوەی هەردووكیان بەپێی سیستمی پەیوەندیەكانی هێز هەریەكە لە نەخۆشخانە و زیندان بەڕێوە دەبەن، مەعریفە بۆخۆشی بەرهەمهێنەرەوەی دەسەڵاتە، كە ئەویش دەسەڵاتی زمانە، ئەویش دەسەڵاتی مەعریفیە، بۆیە فۆكۆ دەسەڵاتی بەجۆرە هێزێكی نەبینراو ناو دەبرد، هێزێك لەناو مەعریفەدا مومارەسەی دەسەڵات دەكات.

دەسەڵات لەناو پەیوەندیە بەدوا یەكهاتووەكانە، كە كۆمەڵە پەیوەندیەكی هێزە، ئەوە پۆلیس نیە مومارەسەی دەسەڵات دەكات، بەڵكو ئەوە جۆری ئەو پۆشاكەیە پەیوەندیەكانی دەكات بە پەیوەندیی دەسەڵات، ئەوە دامەزراوەكانن كە دەسەڵات دەخەنە ڕوو نەوەك شێوەی دەسەڵاتەكە.

لەو تێگەیشتنە تیۆریەوە دەتوانین ئاماژە بۆ دەسەڵات بكەین وەك دامەزراوێكی ئایدیۆلۆژیی لەلای حزبە كوردیەكانەوە، حزب كە لەڕێگەی سەرۆك وسكرتێری



یەكەمەوە مومارەسەی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیی دەكات، دەنگی ئەو دەبێت بەدەنگی هەمووان و تاك بوونی دەسڕدرێتەوە، ئەوە بوونی سەرۆكە وەك دەسەڵات.

بەواتای دەزگا ئایدیۆلۆژیەكان لەڕێگەی دەسەڵاتێكی دەست نیشان كراو مومارەسەی دەسەڵات دەكەن، كە وابەستەن بە پەیوندیەكانی هێزەوە، بۆیە بەرێوبەری تەلەفزیۆن و سەرنووسەری رۆژنامە و سەرۆكی دەزگایەك و سكرتێری سەندیكا و ڕێكخراوێك مومارەسەی دەسەڵات دەكەن بەپێی پەیوەندیە بەدوا یەكهاتووەكانی دامەزراوەكان، ئەو پەیوەندیەی هێز هەمووان دەخاتەوە سەر یەك سیستم كە تیایدا سەرۆك وەك سێنتەری ئەو دەسەڵاتە، دەسەڵات بەرهەم دێنیتەوە.

مەعریفەش لەناو دامەزراوەكان بریتیە لەو مەعریفەیەی كە دەسەڵات بەرهەمی دێنێت، ئەوی ئەو مەعریفەیەش بەرهەمی دێنیت زمانی دەسەڵاتە، زمانێك خاوەن دەسەڵاتێكی

**سەربەخۆیە، سەربەخۆ بوون بەپێی ئەو میکانیزمە زمانیەی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکان نوێنەرایەتی تیا دەکەن، بۆیە سەرنووسەری رۆژنامە و بەرپرسی دەزگایەك وبەڕێوبەری رادیۆ بەپێی ئەو دامەزراوە مەعریفە بەرهەم دێننەوە.**

**ئەو مەعریفەیە دەبێتە دەسەڵاتی مەعریفە، دەسەڵاتێك لەڕێگەی ئەو زمانەوە بنیاتی دەنێت، بەڵام لەدەرەوی دامەزراوە ئایدیۆلۆژیەکانی حزبی کوردیی گەر بپرسین: مەعریفە چیە؟ ئەو پرسیارە ئەو دەسەڵاتە ڕووبەرووی گومان دەکاتەوە بەهۆی چەمکی جیاوازی تێگەیشتنەوە.**

**پرسیارکردن لەچیەتی مەعریفە، پرسیارە لەئاگایی خود، لەو زەمەنە کەینونیەی ئێمەی تیادا دەژین، مەعریفە لەو کاتەدا دەبێت بکەوێتە ژێر پڕۆسەی گومانەوە، ئەوەش بەگژداچوونەوەی ئەو تێگەیشتنە دەسەڵاتخوازیەی دامەزراوە ئایدیۆلۆژیەکانە بۆ مەعریفە.**

**ناکرێت سیستمی مەعریفە پابەند بێت بەو دیسپلینە ناو دامەزراوە ئایدیۆلۆژیەکانەوە. کاتیٚ پرسیار لەمەعریفە دەکەین، بەواتای مەعریفەی ئامادە دەمامکێکی فریوودەرو**



**درۆزنە دەیەوێت فریوومان بدات، بۆیە کاتێك ئامادەبوونی مەعریفە لەناو کۆژیتۆ ناسراوەکەی دیکارت "من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم".**

**ئەو کۆژیتۆیە لەناو مەعریفەی ئایدیۆلۆژیدا دەبێت بە "حزب بیر دەکەواتە کەواتە ئێمە هەین" ئەو بوونە ئایدیۆلۆژیە بوونێکی فاشیانەیە بۆ خوڵقاندنەوەی دەسەڵات کە بوون وابەستەی دەسەڵاتی فاشیانەی ئایدیۆلۆژیای حزبە، کاتیٚ فۆکۆ لەخوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ دیکارت دەڵێت "من هەڵە دەکەم کەواتە هەم"**

**لێرەدا بوون وابەستەی هەڵەکردنە. هەڵەکردن بە مانای بەگژداچوونەوەی لۆژیکی مەعریفە، بۆیە ئەو بوونە بۆ پرسیاری مەعریفی ئێمە دەبێت بە "مەعریفە پڕۆسەی گەڕانە بەناو نادیارەکان" پەیبردنە بەو نهێنیەی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکان دەرگایان لەسەری داخستبوو، هەڵبەت بوونی نمایشی شانۆیی جیاواز کە دوور بکەوێتە لەدەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی، بەواتای**

بەرهەمهێنانی مەعریفەیەك كە لەدایكبوونی دەسەڵاتێكیترە وەك دەسەڵاتی مەعریفە، وەك چۆن بوونی رۆژنامە و كەناڵی ئاسمانی سەربەخۆ وپڕۆژەی فیكریی گۆڤار بەهەمان شێوە ڕۆڵیان دەبێت لەبنیاتنانی دەسەڵاتی مەعریفە، دەسەڵاتێك بەتەواوی بەدژی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی حزبەكانە.

لێرەدا ڕووبەرووی پرسیاری پێشوومان دەبێنەوە "چۆن ئەو شانۆ كوژراوە زیندوو دەكەینەوە؟" زیندوو بوونەوە مانایەكی جەستەیی نیە، ئەوە مەرگی فیسیۆلۆژیی نیە، ئەوە مەرگی ڕەمزیی شانۆیە، ئەوە دامەزراوە ئایدیۆلۆژیەكان بوون لەپێناو كۆكردنەوەی بەشی زۆرینەی كۆمەڵگا شانۆكارانیان بانگهێشتی كەناڵەكان كرد بۆ زنجیرەی تەلەفزیۆنی، رۆژنامەیان بۆ دەركردن، لەولاشەوە دەرگایان بۆ شانۆی گاڵتەجار كردەوە.

شانۆیەك كە هەموو كۆمەڵگا بەدەوەری كۆ بێتەوە گرفتێكی نیە، چونكە گاڵتەجاریەكە نە بەشداری لەئاسۆی مەعریفی بینەر



دەكات، نە شانۆیەكە توانای بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی هەیە، بۆیە ئەوان بەپێی ستراتیژێكی ئایدیۆلۆژی شانۆیان كوشت، زیندووكردنەوەی شانۆ كاری ئێمەیە، كارەكان ڕووبەرێكی تەسكیان هەیە، بەهۆی ئەوەی تەواوی میدیاكان بەدەست حزبەوەیە، بەلاّم لەو ساڵانەی دوایی بەتایبەت لەگەڵ بوونی تۆڕە كۆمەلاّیەتیەكان دەنگی پرۆژە جدیەكان فراوانتر دەركەوتووە، ئەوە بۆ خۆی ئاگاییەكی مەعریفی شانۆكاری كوردە.

زیندوو بوونەوە پێویستی بە جادووگەرێك نیە، چونكە پرۆسەیەكە لەئێستادا ئامادەبوونی هەیە، بەلاّم نەبوونی دامەزراوەیەكی شانۆیی بەمانای دامەزراوە، نەوەك بەرێوبەرایەتی شانۆ هۆكاری دەرنەكەوتنەوەی شانۆیە.

لە تەرمێكەوە بەرەو جەستەیەك هەنگاو دەنێت كە نەمردووە و دەجولێتەوە و دەیەوێ هەڵسێتەوە سەر قاچەكانی خۆی، ئەو زیندوو بوونەوەیە ئامادەبوونی

مەعریفەیە، مەعریفەیەك دەسەڵاتی خۆی بنیات دەنێتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەو دەسەڵاتە لەئێستا بوونێکی پتەوی نەبێت، هەرچەندە زەمینەی هێزێکی گرنگە، چونکە پەیوەندیەکانی هێز، کە هێزی مەعریفەیە بەرهەمی دێنێتەوە.

بۆیە دەتوانین ئەو دەسەڵاتە بە دەسپێکێکی گرنگ ببینین، چونکە تەنیا ئەوانە لەناویدا ماونەتەوە کە حەزی هەرزەکارانەی کاری تەلەفزیۆنی فریوی نەداون، نەرۆیشتوون بەرەو نوقمبوون لەناو درامای تەلەفزیۆنیەوە، دیارە مەبەست لەخراپی دراما نیە، بەقەد ئەوەی ئەوانە کە نەیانتوانی لەشانۆدا بمێننەوە ڕایانکردە ئەوێ، کە گوایە شانۆ کۆتایی هات ومرد.

کە لەڕاستیدا ئەوە مردنی ئەوان بوو لەشانۆدا، بۆیە ئێستاش تەرمی زۆر لەوانە لەناو دراماکاندا دەبینینەوە، ئەوە مەترسیەك نەبوو بۆ شانۆ، بەڵکو رۆحێکی زیندوو بوو پێی وتین مردووەکان وەك نەخۆشیەکی مەترسیدار بوون لەناو عەقڵی



شانۆییمان وئێستاش ئەو نەخۆشیە لەناومان نەما.

ئارامگری وشەڕکردن لەسەر شانۆ، دڵنیابوونە لەزیندوو بوونی شانۆ و لەئایندەی ئەو شانۆیە، گرفتەکە لەنەبوونی دامەزراوەی تایبەت وریێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی هێزی مەعریفەیە، کە دەسەڵاتی شانۆکارە لەشانۆدا، ڕاستە ئەوە پێویستی بەئاگایی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام گەر ئەمرۆ دەسەڵاتی مەعریفی شانۆ لەڕووبەرێکی دەست نیشان کراویش بووبێت توانیویەتی زەمینەی لەدایکبوون بۆ ئەو مەعریفەیە بخوڵقێنێت، کە ئێمە شانۆ ناکەین بە ئەلتەرناتیڤی ئایدیۆلۆژیا، وەك حزبە کوردیەکان هاتن ئیستاتیکایان کوشت وئایدیۆلۆژیایان زیندوو کردەوە، بەڵکو ئەوە پڕۆسەی نمایشی شانۆییە ئایدیۆلۆژیا دەخاتە ناو پڕۆسەی گومان.

پرسیارکردن لەچیەتی مەعریفە دەگۆڕین بە پرسیاری شانۆی ئێمە لەچ ئاستێکە؟ ئەی عەقڵی ئێمە لەکوێی شانۆیە لەدنیادا؟ ئەو

پرسیارانه توانای ئیشکردنەوەی مەعریفیان هەیە لەپێناو بنیاتنانەوەی دەسەڵاتی شانۆکاری کورد.

(5)

پیاچوونەوە بە هەردوو پرسیاری: شانۆ چییە؟ شانۆکار کێیە؟ هەوڵێك نیە لەپێناو سەر لەنوێ تیۆریزەکردنەوە، بەقەد ئەوەی پەیوەندیی ئەو کائینە شانۆکار بەو دامەزراوە کولتوریە کە شانۆیە، دەبێت پەیوەندیی کۆمەڵناسێك بێت بەکۆمەڵگاوە، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ کولتوری نەخوێنراوە بخوێنێتەوە، ئەوەش بەزانستکردنی شانۆیە، چیتر شانۆ تیۆرێك نیە لەچوارچێوەی میتۆدێکەوە، میتۆدەکانیش دەچنەوە ناو زانست.

بۆیە شانۆناسی دەبێت پەیوەندیی ئەو مرۆڤە بێت بەکولتورو کۆمەڵگاوە، کە دیارە ئەوەی لەڕابردوو بوونی هەبووە، پەیوەست بووە بە کەلەپوورەوە، ئەو ئیشکردنە لەگەڵ کەلەپوور ناو بردراوە بە کولتور، هەڵبەت ئەو



تێگەیشتنە بۆ کولتور تێگەیشتنێکی ڕابردووخوازی بووە، ستایشکردنی نەتەوەو گێڕانەوەی چیرۆکی قارەمانەکان بووە، کە حزبە کوردیەکان تاڕادەیەك پشتگیریشیان لێکردووەو ناوی ڕەسەنایەتیشیان لێناوە، ئەو ستایشکردنەی کەلەپوور دیدێکی ڕابردووخوازی حیکایەت بووە، کە مەترسی نەبووە بۆ سەر بیرکردنەوە لەکولتور.

بۆیە کاتێك کولتور دەبێتەوە بەشێکی سەرەکی شانۆ، ئەوە دیدی ڕابردوو خوازی دەخاتە پەراوێزو تەنیا وەك بەشێك لەکولتور سەیری دەکات، چونکە کولتور ساتەوەختێکی هەنووکەیی ودیدێکی ئایندەخوازیی تیایە، ئەوەش هەوڵێکە بۆ پێشڤەچوون وگۆڕان، بۆیە لێرەوە مەترسی دەسەڵاتی حزبی هەستی پێدەکرێت وهەوڵ دەدات ووزەیەکی زۆر لەئاستی میدیایی بخاتە کار بۆ ئەوەی ئەو شانۆیە بە نامۆ لەئێمە ناو ببرێت.

ئەو نامۆ ناوبردنە هەستکردنە بە برینێك کە لەعەقڵی ڕابردووی حیکایەتە، خەنجەرێکە

بەر سیستمی نابیرکردنەوەی ئایدیۆلۆژییە، بۆیە گەڕانەوە بۆ ئیشکردن لەڕوانگەی پەیوەندیی کولتوورو کۆمەڵگا بەتەنیا هەوڵێکی جیاواز نییە، بەڵکو دیدێکی ڕەخنەیی ودەرخستنی شانۆیە وەك ئۆرگانێکی چالاکی نێو کۆمەڵگای مەدەنی.

ئەو ڕۆڵەی لەگەشەسەندنی کۆمەڵگا حزب بە ڕۆژنامە و سەندیکا و دامەزراوەکانی دەدات، شانۆ لەو کاتەدا دێت ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت بۆ ئاگایی مرۆیمان، ئەوەش بەشداریکردنی ئاگایی کولتووریی و ئاگایی جوانکاری مرۆڤی کوردیە، ڕزگار بوونە لەو پڕۆسەی بە ئایدیاکردنەی لەسەر کوشتنی جوانکارییەوە خۆی بنیاتنا، ئەو دۆخەی کە لەگەڵ ڕاپەڕین حزبە کوردیەکان لەڕێگەی ڕێکخراوە خوێندکاریی ولاوان وکەنالەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئیستاتیکای گۆڕی بەئایدیۆلۆژیا و شانۆشی بەو شێوەیە پەککخست.

ئەو ئامادەبوونە ئاگاییە کولتووریەمان لەشانۆدا توانای گەڕانەوەی ئیستاتیکای کوژراوی هەیە، گەڕانەوەیە دەچێتەوە ناو



پڕۆسەی گومانکردن لەئایدیۆلۆژیا، ئەوەش ڕێك لەتاوانی کوشتنی باوکی هاملێت دەچێت، ئەو دەمەی هەمان ڕۆحە کە لەبەرامبەر تارمایی کوژراو دەڵێت "بیدوێنە ئەی هۆراشیۆ"

بەهاملێتکردنی شانۆکاری کورد، سەفەری گەڕانی کارەکتەرێکە بەدوای تاوانی کوشتنەوەیە، تاوانێك کە وەك ئیغتیسابی عەرش دەرکەوتووە، بۆیە ئەوە دەسەلاتی ئایدیۆلۆژیی بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕاپەڕین بە بەرنامەیەکی سەرکوتکاری ڕەمزییەوە هەوڵی لەکارخستنی شانۆیدا، کارکردنەوە لەڕێگەی کولتوورەوە پڕۆژەی پشکنین وگەڕانە، دۆزینەوەی ڕووبەری نهێنی نادیارە.

ئەوە گەشتێکی نەمریی ئەنکیدۆیانەیە لەناو شانۆدا، بۆیە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ شانۆی ئێمە تیایدا دەژیێت ئاستێکە پەیوەستە بەدۆخێکی کۆمەڵگاوە، کە حزب نوێنەرایەتی تیا کردووەو دەرگاکانی بەڕووی کارکردن داخستووە، بەربەستی بۆ

هەوڵەکان درووست کردووە، لەلایەك دەزگایەکی ناونـاوە بەڕێوبەرایەتی شانۆ کە وەك دامەزراوێکی سوونەتی درووست کردووە، تەنانەت هاوکاری وپشتگیریشی ناکات، لەلایەکیتر شانۆکار بەکێشەی ئیداریی وچۆنیەتی سەرفکردنی بودجەکەیەوە خەریك دەکات، هەموو ئەمانە دابڕانی شانۆکارە، بۆ ئەوەی پارە وەربگرێت وبیری لای پارە بێت وشانۆکەشی فەرامۆش بکات، ئەوانە گرفتی سەرەکی درووست کردووە بۆ کارکردن، بەڵام عەقلیەتی ئایدیۆلۆژیانەی حزب ئەوەی نەکردووە بە میکانیزمێك کە پەیوەست بێت بە سیستمەوە، بەڵکو ئەوە پەیوەندیی بە ستراتیژیی حزبەوە هەیە لەبەرامبەر شانۆدا.

بۆیە شانۆکاری کورد پێویستە لەدۆخێکی وادا پرسیاری ئەوە ڕووبەرووی خۆی بکاتەوە: عەقلی منی شانۆکار لەکوێی شانۆی دنیادایە؟ ئەو پرسیارە وادەکات نمایشی شانۆیی لەئاستێکی بالاوە گوتار بنیات بنێت، ئەو گوتارەیە دواتر دەبێتەوە



بەرهەمهێنەرەوەی دەسەڵاتی مەعریفی، کە دەبێتە دەسەڵاتی ڕاستەقینەی شانۆ.

عەقڵیەتی شانۆکار هۆکاری سەرەکی زیندوو بوونی ئەو جەستە لەکارکەوتووەی شانۆیە، ئەو دەتوانێ شانۆ لەتەرمێکەوە بگۆڕێت بۆ جەستەیەکی بزاوت، چونکە عەقڵی شانۆکار ڕۆحی ئەو جەستەییە، کە دەتوانێ ژیانی پێ ببەخشێتەوە، وەك چۆن دەتوانێ ئەو جەستەیە ڕۆحی تیا دەربکات وبیگۆڕێت بۆ تەرمێك کە ئامادەبێت بۆ ناشتن.

بۆیە ئاستەکانی شانۆ و عەقڵیەتی شانۆکار ئەو پەیوەندیە هاوبەشەن کە هێزی بەردەوامیان پەیوەست نیە بەمانەوەو درێژبوونەوە لەناو نمایشدا، بەڵکو پێویستیان بە گەڕان وپشکنینە لەناو کولتور، ئیشکردنەوەیە لەسەر بیرۆکەی گومانکردن لەمەعریفە، گومانکردن لەو بوونەی بەدرێژایی مێژوو باسی لەشانۆیەکی کوردیی کردووە، کە شتێك نەبووە جگە لەنمایشێکی مۆزەخانەیی، کوردبوون نوقوم بووە لەناو حیکایەتە فۆلکلۆریەکانی،

پێویستە ئەو شانۆیە لەئاستێکدا زیندوو بکرێتەوە کە بتوانێ موخاتەبەی شانۆی جیهانی وعەقڵی شانۆکاری جیهانی بکات، بۆیە ووشە مەرجی سەرەکی ئەو شانۆیە نیە، بەڵکو بۆ کوردبوون وکوردیبوونی شانۆکەمان پێویستە بیرکردنەوەو عەقڵیەتی شانۆکەمان کوردیی بێت، نەوەك تێکست و ووشە وچیرۆکە لاساییکارە سادەکانی کەلەپوور، کە ئەوە بەهیچ جۆرێك نابێتە بنەمای شانۆی کوردیی وەك نەوەکانی ڕابردوو خۆیان سەغلەت دەکردو باسیان لە کەلەپوور کردووە، بەڵکو ئەوە کولتورە توانای خوڵقاندنی زەمینەی پتەوی شانۆی هەیە.

ئەوەش لەدوو ئاستدا دەتوانێ بە دەرەنجامی گرنگمان بگەیەنێت، لەلایەك شانۆ لەمردن ڕزگار دەکات، لەڕوویەکیتریشدا شانۆی ئێمە گوتاری دژە دەسەڵاتە بەهۆی خوڵقاندنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ کە مەعریفەی شانۆیی بنیاتی دەنێت، ئەوەش شانۆ دەکات بە



دامەزراوێکی مەدەنی لەکۆمەڵگادا، لەو کاتەشدا دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژی لەوە تێدەگات چیتر شانۆ پەراوێزێکی ناو ژیانی کۆمەڵایەتیمان نیە، کە ڕۆلی گێڕانەوەی ستایشکردنی ڕابردوو بێت، بەڵکو ئامادەبوونی ساتەوەختێکی هەنووکەییە بە دیدێکی ئایندەخوازیەوە، ئەوەش دەرکردنی حیکایەت نیە لەیادەوەری کۆمەڵگا، هێندەی جیاکردنەوەی ئایدیۆلۆژیایە لەناو بیرکردنەوەی هونەریی ومەعریفیمان، گەڕانەوەی حورمەتە بۆ جوانی، بە ئیستاتیکاکردنی رۆحی ئینسانی کوردیی وبە دامەرزاو کردنی شانۆیە وەك دامەزراوێکی کولتوریی کۆمەڵگای کوردیی.

## (6)

جەللاد لەهەر شوێنێك بوو قوربانی لەوێیە، قوربانی بۆیە لەوێیە، چونکە جەللادی لێیە، شوێن ڕووبەری بەیەکگەیشتنی جەللاد وقوربانیە، ئەزموونی حزب لەکۆمەڵگادا ئەزموونی دوو قۆناغە ئەزموونی شاخ

وشارە، حزب لەدنیای ئێمەدا بۆ خۆی لەدوو شوێنی جیاواز بوونی هەیە، لەگوند حزب بریتیە لەکارەکتەرێکی خاکی وپشتگیریی هونەر و جوانیش دەکات، بەلاّم کاتێك دێتە ناو شار ئەو چیتر قوربانی دەستی دوژمن نیە، چونکە خۆی خاوەنی دەسەلاّتە.

بۆیە ئەوی قوربانی تەواوی ئاسەوارەکانی قوربانی بوون لەخۆی دەسەنێتەوە، ئیتر ئەو هەڕەشە لەژیان دەکات، بڕوای وایە بۆ ئەوەی بنەماکانی دەسەلاّت بچەسپێنێت، دەبێت لەدەسەلاّتەکانی پێشوو بچێت، ئەوە لەزۆر باردا تووڕەی دەکات، پێی وایە ئەو هەرگیز لەفاشیزمی بەعس ناچێت، بۆیە ئەوەش بەگوتارێکی ستایشکاری دەگۆڕێت کە ئەو لەبەعس باشترە، شەرمەزارترین بۆچوونێك ئەوەیە خۆت بە دڕەندەترین هێزی دیکتاتۆری بچووێنی، بەلاّم لەسەرەنجامدا حزبی کوردیی جۆرێك لەفاشیزمی بۆ خۆی بنیاتنا، کە ئێمە لەگەڵ ڕووداوەکانی هەڤدەی شوبات ناومان برد بە فاشیزمی کوردیی.



ئەو فاشیزمە فاشیزمێکی ڕەمزیە، لەجەوهەردا فاشیزمێکی سەربازی نیە، ئەگەر چی بۆ ڕەوایەتیدان بۆ گوتاری فاشیزم داوای کۆمەك لە فاشیزمی سەربازیش دەکات.

بۆیە وێنەی جەللاد بوون لەبەرامبەر شانۆ بەتەواوی چەسپا، کاتێ هێزێك هەبێت جەللاد بێت، هەڵبەتی زیندەگی جەللاد بەبێ بوونی قوربانی، کۆتایی هاتنە بە جەللاد، بەلاّم جەلاد لەدنیای ئێمەدا جەللادێکی ڕەمزیی بوو، گەر بەزمانی ئاڵتۆسێر قسە بکەین دەڵێین تەواوی دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی دەسەلاّت بۆ جەللاد بوونی خۆی بەکار هێنا.

بۆیە حزب یەکەم کارێك لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەیکات کوشتنی شانۆیە، ئەو بکوژی ڕاستەقینەیە، دوالیزمی نێوان بەعس و پێشمەرگە وێنەیەکی چەندە تۆقێنەری بینراوە، ئەو وێنەیە وەك وێنەیەکی مەجازی دەپەڕێتەوە بۆ حزب وشانۆ، بۆیە چیتر ئەو کارەکتەرانەی ناو شۆڕش ئەو مرۆڤە

فریادڕەسانەی ژیانی ئێمە نین، بەڵکو ئەو کارەکتەرە خورافیانە کە دێنە ناو شارەکان، پەلامار ئەدەن یەکتر ئەکوژن ئێمە ئەکوژن گاڵتە بەجوانی دەکەن، دەزگا ئایدیۆلۆژیەکانی دەسەلآت دەخەنە کار تا شانۆ و هونەرەکانی تر پەکبخەن.

هەموو هونەرەکان دەبێت بچنە دۆخی ستایشەوە، ئەوەش نەریتێکی فاشیزمە، کە هەموو شتێك بۆ خۆی چڕ دەکاتەوە، کورد بوون گەورەترین زیانی لەشانۆی ئێمە داوە، لەلایەك بە بیانووی ترس لەدوژمن دەبێت ئاسایشی نەتەوەیی وون نەکەین، لەلایەکیتر بۆ ئەوەی شانۆکەمان کوردیی بێت دەبێت باس لەڕابردوو و نەریتی کوردیی بکات، ئەوە چڕکردنەوەی فۆلکلۆر و حیکایەتەکانە.

نەتەوەیەك نیە هێندەی ئێمە لەناو حیکایەت غەرق بووبێت، بۆیە حیکایەت ڕۆحی کوشتنی شانۆ بووە، چونکە بە سێنتراڵکردنی حیکایەت بە سێنتراڵکردنی حزبی کوردیی بووە، ئەو ئەخلاقە ئەخلاقێکی فاشیانەیە لە مۆسۆلۆنی



وهیتلەرەوە دێت و بە سەددام حوسێن تێدەپەڕێت و لەحزبی کوردیدا پۆرترێتی وێنە تۆقێنەرەکانی فاشیزم تەواو دەکات.

ئەو فاشیزمە لەوێنەی جەللاد بوونی ئێستا تەواوی ڕووخسارەکانی دەبینین کە چۆن لەکۆمەڵگادا شانۆی کوشت، دەستی گرت ونەیهێشت بودجە بۆ کارەکان سەرف بکرێت، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەمەیلی ئەو بەڕێوە دەچن، دەبێت کارەکتەرە حزبیەکان پێشەنگی شانۆمان بن، لەولاشەوە بۆ ئەوەی پێی نەڵێین "جەللاد ژیان لەژێر دەستی تۆدا شانۆمانی کردووە بە دۆزەخ" ڕێگای هەندێك کار دەدات، بەلاّم هێندە بەکێشە داراییەکانەوە خەریکت دەکات بۆ ئەوەی لەبنەرەتدا خۆت تاقەتی کارکردنت نەبێت، تا بێتە دەنگ وبڵێت "خۆیان بڕوایان بەکارکردن نەماوە"

ئەو ئەخلاقە فاشیانە بۆ ئەوەیە ناوی بکوژ لەجەللاد بسەنینەوە و بڵێین قوربانی بۆ خۆی مردووەو لەژێر ئەشکەنجەکانی جەللاد گیانی نەسپاردووە، ئەوە ڕق نیە لەحزبی

کوردیی.. ئەوە هاواری ئێمەیە لەبەرامبەر شانۆکەماندا، ئەوە ئەو ناڕازی ونەفییە کە ئیتر شانۆکاری کورد هیچ ناڵێت و دەگاتە ئەو (نا) یەی کە ئەلبێر کامۆ بە لوتکەی یاخی بوونی دەبینێت، ئەوەتا بۆ ئەوەی پێمان بڵێت شانۆیەك بۆ چەند رۆژێك نمایش دەکرێت لەبڕی ئەوە دەرگای کەناڵە ئاسمانیەکانت بۆ دەکەمەوە، زنجیرەی تەلەفزیۆنی بکەو بکەوە ستایشی شۆرش وسەرکەوتنەکانی ڕابردووم، ئەی ئەوە حیکایەت نەبێت چیە؟

وەرە لەدراماکەتدا باسی ژیانی شارو ئەو ئارامیە بکەو کۆمپانیاکانمان بخە ڕوو، ئەی ئەوە زەوتکردنی ژیان نەبێت.. بێحورمەتیکردن بە جوانی نەبێت بەچی ناو بەرین؟ بۆیە سەرەنجام مرۆڤی بچووك.. مرۆڤی بێئیرادە.. کەسانی دەستەمۆ ڕایان کردو وتیان "شانۆ مرد و سەردەمی سینەما و درامایە" جەللاد کە لەڕێگەی هەندێك لەوانەی لەناو خۆمان بوون ویستی مەرگی شانۆ ڕابگەیەنێت بۆ ئەوەی خۆی لەتاوانی



کوشتن پاك بکاتەوە، ئەوەشیان یەکێکە لەئەخلاقیاتی ئەو فاشیزمە کە دەیەوێت وێنەی جەللاد بوونی وەك باوکێکی میهرەبان بۆ ئێمە بخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەناشتنی تەرمی شانۆکەمان، تەرمێك کەوتەوە جولە وخەریکە ژوورەکانی ئینعاش بەجێ دێلێت وبەڕووی قامچی جەللادەوە ئەوەستێت ودەڵێت "ئاسوودە مەبە بە مەرگی من.. من هێشتا دنیایەك وێنە وصەدای گۆرانیەکانم زیندەگی بوونم ئامادە دەکەنەوە، بەلاّم قامچیەکانی تۆ ناتوانن هەمیشە تاوانی کوشتنت بشارنەوەو ئیتر ئێمەی گەریدەی جوانی دەتبینین کە چەند بکوژ وچەند ناشیرینیت"

(7)

پەیوەندیی نێوان شانۆکار وشانۆ پەیوەندیەك نیە پەیوەست بێت بەدۆخێکی نوێوە، بەڵکو لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەو پەیوەندیە بەڕوونی دەرکەوتووە، بەدوای ئەو مێژووە هەمیشە شانۆکار ویستوویەتی

پەیوەندیی خۆی بەشەڕ بخاتە ڕوو، زۆر جار ئەوە لەسەر ئاستی شانۆکەی بووە، پەیوەست نەبووە بە دیدی هونەری ئەو شانۆکارەوە بۆ شەڕ، بەڵکو شانۆ لەلای بۆتە سەکۆی ئایدیۆلۆژیی.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لەبارەیەوە قسە بکەین ئەوەیە ئاخۆ ئەو شانۆیە تاچەند پەیوەست بووە بەشەڕەوە، پەیوەست بوون بەرەنجامی خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژیانە بوو بێت بۆ شەڕ.

لێرەدا مەبەستمان لەو دۆخە شانۆییە کە دیمەنە شانۆییەکانمان هەر گۆڕانکاریەك بەخۆیەوە دەبینێت، ئاخۆ پەیوەستە بەدۆخی مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایەوە، یاخود ئەوە ڕوانینێکی شانۆیی دوور لەو دیدگا کۆمەلأیەتییە؟

کاتێك شەڕی حزبە کوردیەکان بەدوای سێ ساڵەی ڕاپەڕین سەر هەڵدەدات ئیدی دۆخێکی نوێ وبیرکردنەوە لەزیندەگیەکی نوێ سەر هەڵدەدات، بەدوژمنکردنی یەکتری دەبێتە وێنەیەك لەزهنی مرۆڤی ئەو



کۆمەڵگایە، ئەو شەڕە شانۆکاری کورد ڕووبەرووی جۆرێك لەتێکستی نووسەرانی ئەبسێرد دەکاتەوە، بەلأم ئەو جۆرە ڕووکردنە لەتەك ئەو نووسەرانە کیفایەتی کارکردن نیە، چونکە سەرەنجام پێویست بوو ئەو پەیوەندیە لەناو وێنەی شانۆیی بدۆزرێتەوە، کە پەیوەندیی ئەو مرۆڤە بوو لەتەك ئەو شەڕە، لێرەدا لەبڕی جیاوازبوون لێکچوونی زۆر لەنێوان فۆرمی نمایشەکان بەدەر دەکەوێت.

ئەو لێکچوونە زادەی تێگەیشتنی شانۆکارانە بۆ ئەو تێکستانە ولەلایەکیش ئەو فۆرمەی لەئەزموونی هۆرێن غەریب سەپێنرایە سەر ئەو تێکستانە، ئیدی ئەوە وەك گوتارێکی باو لەم شانۆیەدا ڕەنگی دایەوە، بەلأم گەر ئەو پرسیارە ئاراستەی زۆربەی ئەو دەرهینەرانە بکەین، کە هۆکاری پشت ئەو شێوازی ئەکرۆپاتیکیە چیە لەم تێکستانە، ڕەنگە وەلأمەکان دور بن لەلۆژیکێکی شانۆیی، بەقەد ئەوەی هەستێکی ووروژێنەر لەپشت ئەو کارەو

سەرسام بوون بووە بە نمایشەکانی بەر لەخۆی کە نەوەکەی ئەنجامی دەدات وئەویش دەیەوێت درێژی بکاتەوە.

شانۆگەری (سیکرابخانە) ی بورهان قەرەداغی و (ئاوازە پچڕاوەکان) ی مەهدی حەسەن، دوو نمونەی دیاری ئەو حالەتەیە، کە دواتر لەبەرهەمی خوێندکارانی پەیمانگا لەهەولێر و سلێمانی درێژ بۆوە.

سەر شانۆکان خالّی دەبن، هەندێك ماتریالی وەکو مۆم و گۆریس وشریتی فیلم هاوکاری وێنە شانۆییەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئەو ماتریالانە چ پەیوەندیەکی تیا دەدۆزرێتەوە لەتەك دەلالەتەکانی وێنە کە پەیوەست بێت بەگوتارێك کە لەرۆحی ئەو مرۆڤەوە هاتۆتە بوون؟

لەڕوویەکدا وەك گوتارێکی جوانکاری کاریگەری بەجێ دێلێت، بەلاّم ئەو جوانکاریە پێویستی بەفاکتەری ئەو دیوی وێنە شانۆییەکەوە هەیە، لێرەدا ئەوەی وونە هەولّەکان نین، تیۆری پشت نمایشەکانە، ئەوە نائامادەبوونی تیۆرە، وا دەکات



نەتوانین ئاراستەیەکی دەلالی بۆ پەیوەندیەکان بدۆزرێتەوە، لەهەمان کاتدا بەهەمان ماتریال مەهدی حەسەن دەتوانێت لەشانۆگەری (سەفەری پاکبوونەوە) وێنەیەکی ڕوون وپەیوەندیەکی تیۆریانەی نمایش بخولّقێنێت، بەلام ڕەنگە ئەوە نمونەیەکی دەگمەنی ئەو دۆخە شانۆییە بێت.

شانۆگەری (چیرۆکی خۆشەویستی) حوسێن میسری پەیوندیی دەرهێنەرە بەتێکستێکی فەلاح شاکر، ئەو پەیوەندیە پەیوەستە بە یادەوەری ئەو نەوەیەوە کە تیایدا لەنێوان عەشق وشەڕ، ئومێدێکی هەبووە، دواتر شەڕ جارێکیتر یەخەی پێ دەگرێتەوە، لەوێدا جۆرێك ڕووبەڕوو بوونەوە لەتەك دنیای چیرۆکەکانی شێرزاد حەسن دەگوازێتەوە بۆ ناو کارەکتەرەکان، بەو پێیەی کارەکتەرەکانی شێرزاد بەتایبەت لەچیرۆکەکانی (گولّی ڕەش، میم، تێك ئالان، حەسار، کەلّە کوڕان و ئاسکە کچان) لەدنیای کەسێتی رۆشنبیرەوە نزیکە، لەخەونی

**شانۆکار و نووسەرانەوە نزیکە، بۆیە ئەو نزیك بوونەوەیە پەیوەندیەکی دەرهێنەرە بەو ساتە وەختەی لەنێوان مانەوە لەماڵ کە ژن خوازیاریەتی وسەفەرکردن کە مێرد دەیەوێت.**

**ئەو وێنەیە بە ناجێگیریی ئەو دۆخە تەواو دەبێت کە کۆمەڵە جانتایەك دەبنە پێکهاتی پانتایی، کە سەرەنجام بازنەیەك لەوەستان ڕووبەرووی ئەو ململانێیە دەکاتەوە، ناڕوونی ئەو وێنەیەی نمایش سیمایەکی دیار نابەخشێتە دۆخەکە، بەقەد ئەوەی جۆرێك لەبێزاربوون دەخاتە ڕوو.**

**ئەوە لەلای کامەران ڕەئوف لەشانۆگەری (وێرانە) دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دەلالەتی زەمەنی لەڕێگەی بەشە هەڵوەشاوەکانی کاتژمێرێکەوە کە هەریەکە لە باندۆڵ ومیل لەلایەك وکەوتن بەسەر ئەرشیفی ماڵ و نەبوونی کلیلی دەرگا و دۆزینەوەی کلیلێك کە بەر لە گیران لەلای پاڵەوان ماوە، ئەوانە دەبنە کۆمەڵە موفرەدەیەکی دەلالی و ڕەمزیی بۆ**



**خوێندنەوەی یادەوەریەك لەئێستادا کە بە یەکێك لەهەوڵە دیارەکانی ئەو قۆناغە دەردەکەوێت کە توانیویەتی دنیای ئێمە لەناو نمایش بخوێنێتەوە.**

**ئەو وێنە یە لەلای شانۆکارانیتریش دەردەکەوێت، بەڵام بەهۆی بوونی زاڵبوونی دەلالەتی سیاسی وەك موفرەدەی زمان وا دەکات نەتوانێ پەیوەندیی دەرهێنەر بەدنیابینیە شانۆییەکانیەوە بخرێتە ڕوو.**

**ئەوەش جۆرە ئینتیمایەکی وابەستە بوون بووە بە تێکستەوە لەلایەك، وەك لە نمایشی (کۆچی هەتا هەتایی) شانۆکارانی کۆیە بینیمان، ئەوە لەلای دەرهێنەر مەسعود عارف لەشانۆگەری (خەونی شێتەکان) بەهەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە.**

**ئەوەش خاڵی نیە لەنوقم بوون وکارکردن لەتەك دەلالەتی سیاسی لەئاستی موفرەدەی بینراو بۆ شانۆکارانی دهۆك کە بەر لەویش لەلایان شانۆکارانی ئەو شارە لە شانۆگەری (گێژەن) دا بینیمان. ڕەنگە شانۆگەری (هاملێت) ی زیاد عابد، باشترین وێنەی ئەو**

دۆخە سیاسیە بێت کە چۆن تەواوی ڕەهەندە
کراوەکانی زمان بۆ تەئویل و فرە مانایی
شکسپیر دەکوژرێت لەشوێنیدا دیدێکی
ئایدیۆلۆژیی ڕەها شوێنی دەگرێتەوە،
ئەوەش پەیوەستە بەو دیدە ئایدیۆلۆژییەی
کە عەقڵیەتی بیرکردنەوە دەیسەپێنێتە سەر
نمایش.

بۆیە سروودی ئەی ڕەقیب وئاڵای کوردستان
وەك دوو بونیاد دێنێتە ناو نمایش، بەڵام
دوو بونیاد دواتر شەڕیان دەبێت لەوەی کێ
ململانێیەکە بۆ خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەوەش
لەڕێگەی دابەشکردنی کارەکتەری هاملێت بۆ
سەر دوو گروپ کە هەر یەکە هاملێتی خۆی
هەیە، ئەوانیش (هاملێتی سەوز) و(هاملێتی
زەرد) ئەو بنیاتنانە لەپێناو جیاوازی نیە،
چونکە سەرەنجام دەبێت هاملێتی زەرد وەك
زیاد عابد ویستوویەتی زاڵ بێت و ببێت
بەخاوەنی ئەی ڕەقیب وئاڵای کوردستان.

ئەوە خوێندنەوەی کولتور نیە لەودۆخەی کۆمەڵگا
تیای دەژییێت، ئەوە بەرهەمهێنانەوەی عەقڵیەتی
ئایدیۆلۆژیە لەناو نمایشدا.



ڕەنگە ئەو نمایشە لەلایان شانۆکارانی دهۆك
بەشێکی پەیوەست بێت بەو دابەشکاریەی
شوێن کە لەشەڕی حزبەکاندا ئەو شارە
زووتر لە ململانێ حزبیەکان یەکلا بۆوە،
بۆیە ئەو نمایشەش هەیمەنەی عەقڵی
دەسەڵاتی کوردیە لەشوێندا.

ناوبردنی شارێك بەمەبەستی جیاکاری
وپۆلینکاری نیە، بەقەد ئەوەی خستنە ڕووی
ئەو دیدە سۆسیۆلۆژییە بۆ ئەو شوێنەی کە
شانۆی تیا دەکرێت، کەسەرەنجام هێندەش
دیدگاکان لەیەکتریەوە دوور نین، بۆیە
دەبینین لەلای دەرهێنەر عومەر سەید و
شانۆکارانی چەمچەماڵ لەشانۆگەری (یاری
حەقیقەت) ئەو دۆخەی جەنگ گۆڕدراوە بە
گەمەی نێوان سوڵتان و وەزیر.

ئەگەر لەشانۆگەری (گێژەن) ئەو هەموو
تایەی سەر شانۆ لە دەلالەتی ڕەو ڕەوەی
مێژوو بگۆڕدرێت بۆ جۆرە هەرەمەکیەت و
ڕێکنەخستنەوەی لەسەر شانۆدا، ئەوا لە
(یاری حەقیقەت) دا، زاڵبوونی موفرەدەی
قوماش فۆرمێك بنیات دەنێت کە نەتوانێ

جگە لە حالەتی جوانکاری مانا بخولقێنێت، کەچی لەلای شانۆکارانی هەڵەبجە و دەرهێنەر ڕێبوار نوری لەشانۆگەری (خۆرکەوتن) تەواو جیاوازە ئەو کاتەی هەردوو ئەکتەر شادان وسەڵاحە ڕەش لەڕێگەی گوریسەکانەوە تابلۆ لەبۆشایی دەخولقێنن، وێنەی شانۆیی دەبێتەوە بەشێك بۆ پەیوەندیکردنەوە بە مانا.

مەرگ ڕووبەرێکی دیار لەو قۆناغە داگیر دەکات، بەڵام ئەو مەرگە لەزۆربەی کاتەکان پەیوەندیەکی فیکریی بنیات نانێت لەتەك گوتاری نمایش، یاخود ئاراستەیەکی ئایدیۆلۆژی ئەدۆزێتەوە، کە ئەوەش کۆمەڵگای کوردیی لەڕێگەی شانۆوە دەباتە سەر ئاراستەیەك بۆکۆمەڵگایەکی حزبی، بۆیە کاتێك شانۆگەری (شەوی بکوژان) ی ئەرسەلان دەروێش دەچێتەوە ناو گەمەی کوشتنی دایە و بابەی خۆزیا تریانا.

ئەو گەمەیە لەفۆرمێی گەمەکردن بەرجەستە ناکرێت، بەڵکو گەمەکردن زیاتر ڕەهەندێکی واقعی بەخۆیەوە دەگرێت، لێرەدا



ڕووبەرووی دوو پرسیار دەبینەوە، ئاخۆ کوشتنی دەسەڵات و بێزاربوون لێی بیرۆکەی کوشتنێك بوو کە ئاسوودەیی بینات دەنێت؟ کاتێك دەرهێنەر دەمانباتە ناو ئەو کوشتنەوە، ئەو دڵنیابوونە لەدنیای کوردیی ناچێتەوە ناو خوێندنەوەی کولتوریی بۆ کۆمەڵگا، بەقەد ئەوەی ئاراستەیەکی ئایدۆیۆلۆژی بنیات دەنێت لە کوشتن.

پرسیاری دووەم ئەوەیە ئاخۆ کوشتن گەمەیە؟ وەك خۆزیا تریانا مناڵەکان لەو ڕێگەیەوە ڕووداوەکان وەك گەمەیەك بەرجەستە دەکەن؟ ئێمە لێرەدا گەمەکردن وەك فۆڕمێکی گێڕانەوە دەبینین، ئەوەش هەوڵدانە بۆ دەرکردنی گەمەی کوشتن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی کوشتن.

بۆیە مەرگ ئەو دیدە ئایدۆلۆژیەی بەتەنیا پەیوەست نیە بە پرۆژەی دەرهێنەرێکەوە، بەڵکو لەلای سەباح عەبدولرەحمان شانۆگەری (دەرگا) ی یوسف ئەلسائیغ گەڕانەوە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی ژن ومێردێك کە بەمردنی یەکێکیان چۆن ئەویتر

دەگەڕێندرێتەوە ناو ژیان، ئەگەرچی ڕووبەری نمایش لەپانتاییەکی مەرگ دەچێت، بەڵام ئەو پانتاییە ترس نیە لەمەرگ، بەڵکو ترسە لە لەناوچوون، کەچی ترسێك نمایش لەناو دیدی مەرگ ڕیتمێك لەنواندن دەگۆڕێت کە پەیوەستە بە ئاست نزمی فۆڕمی نمایشەوە، کە دەتوانین ناوی بەرین بە ونبوون لەناو مەرگ، ئەوە دیدگا و ئەندێشەکانن لەو ساتەوەختەدا توانای ئەوەیان نیە مانا بخوڵقێنن، بەقەد ئەوەی دەیانەوێ بەرەو مەبەستێکی دەست نیشان کراومان بەرن، کە چۆن ئەو مەرگە دەبێتە ستراتیژیی ناو نمایش.

خوڵقاندنی گوتاری جوانکاری لەنمایشدا کرانەوەیە بەرەو ڕووی پرسیار، بۆ ئەوەی نمایش لەناو تاکمەبەستیدا نەخنکێت، بۆیە ئەو کاتە گوتاری ئایدیۆلۆژی دەکەوێتە پەراوێز و جوانکاری شوێنی دەگرێتەوە، کاتێك جوانی وەك گوتارێکی شانۆیی ئامادەبوونی هەبوو، ئەو کاتە جوانیناسی لەچێژی بینینەوە بەرەو پرسیارە



شانۆییەکانمان هەنگاو دەنێت، وەك لەشانۆگەری (نابیناکان) ی نیاز لەتیف، کێشە سیمبولیەکانی میتەرلینگ دەگوازرێتەوە بۆ کێشەکانی مرۆڤی کوردیی، کە هەمووومان وەك نابیناو نابینا حوکممان دەکەن، ئەوە تا ئێرە وەك بیرۆکە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام لەپێناو پرۆسەیەکی ئەرکیۆلۆژی بۆ تێکست و گوتارێکی ئیستاتیکی کاتێك ئەو دیدگایە لەتەك سەمادا بەرجەستە دەکرێت، لەوێوە دوو هێل لەنمایش دەبینین، دیدی دەرهێنەر بۆ تێکست، نەخشەی جولەی سەماکانی ڕووبار ئەحمەد، کە ئەم دووانە دەبێت لەسەر سسیستمێك کۆ بکرێنەوە، کەچی هەمیشە وەك دوو هێلی تەریب دەڕۆن وبەیەك ناگەنەوە.

ئەگەر لەپێناو خوێندنەوەی جەستە و گوتاری جوانیناسیانە بێت، بەڵام دەبێت سەرەنجام سیستمێکی ئاماژەکاری گوتار کۆیان بکاتەوە، بۆ ئەوەی پرسیارە شانۆییەکان و پرسیارە سۆسیۆلۆژیەکانمان

یەکبگرنەوە، ئێمە لەلای سدیق حوسێن ڕووبەرووی ئەو پرسیارە دەبینەوە بەتایبەت لەشانۆگەری (فرمێسکەکانی مۆم) بەڵام گرفتی ئەو نمایشە لەبەیەکداچوونی نێوان سەرگەردان بوونی من لەبەرامبەر شەڕ و گوتاری ئیستاتیکی نمایش سدیق ڕووبەرووی فۆرمێك دەکاتەوە کە سەرەنجام شیعریەتی بینین، ماناکان دەبەنەوە سەر پێکهاتی شیعریی کە توانای خوڵقاندنەوەی مانای نیە، ئەوە بەشێکی پەیوەستە بەو هەڵچوونەی کە دەیەوێت بانگەشە بۆ لەدایکبوونی ئەزموونێکی جیاواز بکات، جیاوازبوون پەیوەست نیە بە بانگەشەکردن، بەڵکو جیاوازبوون دەبێت بەرەنجامی عەقڵیەتێکی شانۆیی بێت.

ئەو عەقڵیەتەی لەلای هۆرێن غەریب وهیوا فایەق لەنمایشی (پێکەوە لەبەهەشتدا عەسری) دەیبنیین، کە ئەو کاریگەریەی شەڕ و ئامادەبوونی ئەوان وەك شانۆکار لەڕووبەری شانۆکار ڕووبەرووی پرسیارە ئەخلاقی و پرسیارە شانۆییەکانی دەکاتەوە،



ئەوەش بەیەکداچوونێك لەبەردەم منی وەرگر دەخوڵقێنێت، بۆیە ئەو نمایشە وەك هەوڵێکی جدی وگرنگی ئەم قۆناغە دەردەکەوێت.

دیدی فێمێنیستانە لەم قۆناغەدا بەتەواوی ون دەبێت، بەوەی عەقڵیەتی ژن کاریگەری لەسەر دۆخە کۆمەڵایەتیەکە چیە، جگە لەچەند هەوڵێکی شانۆیی گەزیزە، دیارە ئەوەی تێبینی دەکەین لەکارەکانی گەزیزە لەو قۆناغەدا ژنەکان ئەو قوربانیەن لەماڵەوە دەمێننەوە و پیاوەکان زۆربەی جار ماڵ جێدێلن، یاخود وێنەیەکی تری تۆقێنەر لەزهنی ژنەکان درووست دەکەن، ئەو دۆخە بە پەراوێزکردنەوەی ژن و دڵڕەقی پیاو دەخاتەوە ڕوو، ڕەنگە لەزۆربەی کاتدا ئەو کاریگەریەی شەڕ بەئاراستەیەکیتر بوونی هەبێت وەك لەشانۆگەری (جەنگی ژوورەکان) دەبینرێت.

لەپاڵ ئەو هەوڵەدا تێبینی خاڵێکیتر دەکەین ئەویش گۆڕینی کەسێتی پیاوی نێو تێکستەکانە بە ژن، بەتایبەت لەچەند

**هەوڵێکی شانۆکارانی هەولێر ئەوەمان بەدیکرد.**

**گۆڕینی پیاو بۆ ژن ئەگەر پەیوەست بێت بەو عەقڵیەتەی کە شەڕ پیاوەکانی نارده بەرەی کوشتار و بیرکەرەوە و ئامادەبووی ناو شار ژنەکانن، ئەوە تێگەیشتنێکی قووڵی فێمێنیستیانە دەبێت بۆ شانۆ، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە تەواوی ڕووداوەکان بەهەمان ئاراستە دەڕۆن، لەلای کرمانج مستەفا تێکستی (شاعیرو داهێنەر وکۆلۆنێل) ی پیتەر ئۆستینۆف تەواوی سێ پیاو و ژنەکە دەگۆڕدرێن بە سێ کارەکتەری ژن.**

**لەپانتاییەکی بەتاڵدا کە تاکە موفرەدەی ئەو نمایشەش بەرمیلێکە، فەزای نمایشەکە زیاتر لەفەزای تێکستەکانی بیکت دەچێت، ئەوەش لەڕێگەی بارستایی بۆشایی وچۆنیەتی ئیشکردنەوە لەگەڵ ڕەنگ، وەك نمایشێك کە توانیبووی ئاستێکی باڵا بەخۆی ببەخشێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان بیر نەچێت ئەو نمایشە زیاتر شیعریەتێکی گرتۆتە خۆی، کە شیعریەتی ووتراوی**



**دەیالۆگەکانە بۆ پایز کە ژنەکان دەیانەوێت لەڕێگەی ئازادکردنی جەستە و هاوار و بازدانەکانیان بەدەوری بەرمیلەکە توانای خۆیان بخەنە ڕوو، ئەوە لەکاتێکدا کرمانج زمانی کارەکتەر و ڕەگەزیانی لە پیاو کردووە بە ژن، دەنا لەڕووی بنیاتنانی کارەکتەر ئەوان هەر ڕۆنانی کارەکتەری پیاویان هەیە.**

**لەوانەیە ئەوە تاڕادەیەك ڕووبەرووی شانۆگەری (چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان) ی هیوا سوعاد یش ببێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵیداوە لەڕێگەی جولەی وێنە شانۆییەکانەوە هەندێك لەکێشە ڕەگەزیەکانی ژن بەرجەستە بکات، کە لەو ئاستەدا کێشەی ڕەگەزبازی بەدی دەکرێت، هەرچەندە لەچیرۆکە شانۆییەکەدا هەمان گرفت هەیە، بەڵام گرفتەکە لەوێوە ڕوومان تێدەکاتەوە.**

**ئاخۆ کۆمەڵگای ئەو ساتەوەختەی ئێمە کە یەکێتی وپارتی دنیای کوردیان تیا کردبوو بە جهەنەم و هەموو بە نیگای گومانەوە لەیەکتریمان دەڕوانی کیشەی ڕەگەزبازی**

توانای ئەوەی هەبوو وەك كێشەی ئەخلاقی ئەو دوو هێزە وێنا بكات؟
ڕەنگە پرسیارێكی لەم چەشنە ڕەهەند و ئاسۆیتر بەسەر خۆیدا بكاتەوە، بەڵام ئاسۆیەك چونكە لەسیاقێكی ڕەگەزییەوە دەرناچێت، بۆیە بەرەو ناو نمایش ناكرێتەوە، دەشێت هۆكارەكەی بەشێكی پەیوەست بێت بە ئەكتەری كەمئەزموون و قاڵنەبوونەوەی دەرهێنەریش لەو ڕەهەندە فیكرییە بۆ كۆمەڵگا، كە دواجار شەڕ هات وئێمە ویستمان وێنەیەكیتر بەشانۆكانمان ببەخشین، بەڵام وێنە شانۆییەكەی ئێمە بەدەگمەن خوێندنەوەیەكی كولتورالی بوو بۆ بونیادە كۆمەڵایەتییەكانی كۆمەڵگای كوردیی.
لێرەدا ئێمە ڕووبەڕووی ساتەوەختێكی نادیار دەبینەوە لەلایەك لەگەڵ سەردەمێك كە دەتوانین ناوی بەرین بە "بەرەو كۆتاییەكانی شانۆگ بەڵام ئەو كۆتاییە لەلایەكیتر ئومێد بەخشە، چونكە مانای كۆتایی نادات بەدەستەوە، بەڵكو كۆتایی پاشماوەی



عەقڵییەتی تێگەیشتنێكە، بەرەو بە زانست كردنی شانۆ ئەوەش بە لەدایكبوونی ڕاستەقینەی شانۆ دەبینین، هەر لەبەر ئەوە دەمانەوێ لەم نووسینەدا لێرەدا ئاراستەكە بەرەو ناو ئەو بابەتە هەستیارە بەرین.

(8)

كاتێك ئەبینین شانۆ خرایە دەرەوەی ژیانی كۆمەڵگا مانای وایە شانۆی ئێمە خەوشی گەورەی تیا بوو چ بەئاستی گوتاری كۆمەڵناسیانە چ لەڕووی سەیركردنی شانۆ بۆ ئامرازێكی سیاسی، ئەوانە زیانی گەورەیان بەشانۆ گەیاند، وایان كرد كە دیاردە ڕۆژانەییەكان كۆتە كۆمەڵایەتیەكان چوونە ئاستێكی ترەوە ئیدی كۆمەڵگا هەست نەكات شانۆ بەشێكە لەژیانی ئەودا.
شانۆ لەبەرامبەر گۆڕانە كولتوورییی و زانستیەكاندا نەیتوانی گەشە بەخۆیەوە ببینێت، بۆیە ئەوە وای كرد بەدوای هاتنی دۆخێكی تر بۆ كۆمەڵگا ئیدی ڕاستەوخۆ دروشمی "شانۆ كۆتایی هات" بەرز

بکرێتەوە، لەڕاستیدا ئەو دروشمە هێندە دەمامکدار بوو، وای کرد کە شانۆی ئێمە لەبەردەم تەسکبینی چەمکەکان و شوناسی بوونی خۆی بکەوێتە بەردەم تراژیدیا ئەخلاقیەکانی.

ئەوە ئەو پەری نیگەرانیە کە شانۆکاری کورد نەیزانی شانۆ چ گوتارێکی هەیە، نەشیتوانی پرسیار لەبوونی خۆی وەك شانۆکار بگوازێتەوە ناو چەمکێکی کولتوریی، لێرەوە شانۆی ئێمە تەنیا گەمەی سەرگەرمکردن بوو، تەنانەت هەوڵە تاك و تەرا وجدیەکانیشی ڕووبەرووی گومانکردن کردەوە، ئێمە کە شانۆ لەخۆرائاوا دێتە ژیانمانەوە پێمان وایە بۆ بەکوردیی بوونی شانۆ دەبێت شانۆ لەناو پەندی پێشینان و فۆلکلۆرەکەمانەوە بخنکێنین.

ئەوەتا ئێستا کە گرفتەکان بەپێی ڕۆژگار دەچنە ئاستی ترەوە ئیدی ئەوەی بەشانۆمان زانی هەر هەمان کارەکتەرەکانی پێشوو بانگەشەی مردنی شانۆیان کرد، ئێمە لەم نوسوینەدا گەیشتووینەتە ئاستێك



کە بتوانین قسە لەو هۆکار و ئەلتەرناتیڤانە بکەین، بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆ دێینە سەر پەیوەندیی شانۆ بەهەریەکە لە "کولتور و تازەگەری و شارو جیهانگیریەوە" هەوڵ دەدەین لەسەر هەندێك بنەما و دەرەنجام بووەستین، کە بەدڵنیاییەوە لەشکرێك مرۆڤی تەمبەڵ بەناوی شانۆکار بێتاقەت دەکات.

(9)

ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو بابەتە ڕووبەرووی پرسیارێکی تر بکەینەوە، پرسیار لەبارەی پەیوەندیی نێوان نەتەوە و شانۆ، بۆ ئەوەش دەپرسین: کوردبوون دەکەوێتە کوێی گوتاری شانۆ؟ ئاخۆ کوردبوون بنەما و زەمینەی ئەو گوتارەیە؟ یاخود کوردبوون وەهمێکە بۆ گوتاری شانۆ؟

کورد بوون ئەو گوتارەیە شانۆی ئێمەی بەر قامچیدا، شانۆی ئەشکەنجەدا شانۆی خستە بەردەم سزاوە، چونکە شانۆی وەك هونەر و دامەرزاوێکی کولتوریی نەبینی، ئێمە لەبەردەم شانۆدا هەمیشە دژە گوتارێکی

هونەریمان پێی بەخشیووە و ویستومانە شانۆکەمان کوردیی بێت و کوردیی بوون زادەی پرۆسەیەکی عەقلانی نەبووە, کوردیی بوون پەیوەست بووە بە کوشتنی ئامادەبوونی شانۆیی و بەزیندوو ڕاگرتنی نەتەوە.

ئێمە ویستومانە شانۆکەمان گوزارشت لەڕۆحی سیاسییمان بکات، بۆیە هەموو قۆناغە شانۆییەکانمان زادەی دۆخی سیاسین، ئێمە ئەو ڕۆژە شانۆ دەناسین کە هاوکاتی درووست کردنی سوپای عیراقییە بەو پێیەی سەرەتای درووست بوونی ئەو سوپایە هاوکاتە لەگەڵ یەکەم نمایشە کوردیەکان، ئەگەر بیستەکانی سەدەی بیستەم ئەو سوپایە درووست بێت، ئەوە بەپێی ئارگۆمێنتە مێژوویەکان هەر لەو ساڵەدا یەکەم شانۆگەری کوردیی لەکوردستانی باشور بەناوی سەلاحەدینی ئەیوبی نمایش دەکرێت.

بۆیە ئەو سەرەتایە بۆ ئێمە بەتەنیا ڕێکەوتێك نیە، چونکە دواتر دەبینین هەموو قۆناغە



شانۆییەکانمان زادەی دۆخی سیاسین، شۆڕشی گەلی عیراق لە 1958 هاتنی دۆخێکی شانۆیی نوێیە بەتایبەت لەشارێکی وەکو کەرکوك کە یەکەم نمایشە کوردیەکان لەو ساڵە، لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیە نمایش دەکرێت.

هەفتاکانیش دیسان دۆخێکی سیاسیە پەیوەستە بە بەیاننامەی 11 ی ئازاری 1970 وە قۆناغی هەفتاکان قۆناغی شانۆیی نەبووە، بەڵکو دۆخی سیاسی ئەو شانۆیەی خولقاندووە، ڕاستە هاوکاتە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم پۆلە خوێندکاری شانۆیی لەبەغداوە، بەڵام دۆخە سیاسیەکە دەیهێنێتە پێشەوە.

ئێمە بەتەنیا لەبوونی زەمینەی سیاسیەوە توانیومانە زەمینەی شانۆیی بنیات بنێین، ئەوە تراژیدیاکان و سەرکەوتنەکانە وامان لێدەکات بیر لە شانۆ بکەینەوە، نەوەك مەعریفە و دۆخێکی شانۆیی، ئەو دەمانەی بەعس دەسەلاتی تۆقێنەری دەگاتە لوتکە و ئەنفال و کیمیابارانکردنمان بۆ دێنێت

بزووتنەوەیەکی شانۆیی چالاکمان دەبێت، کە ڕاپەرین دێت هەموومان پێشمەرگەین و پێویستمان بە شانۆ نیە، چونکە لەبنەڕەتدا ئێمە شانۆکار نەبووین، ئێمە کوردایەتیمان دەکرد لەڕێگەی شانۆوە.

کە شەڕی یەکێتی و پارتی دێت سەر لەنوێ بیر لەشانۆ دەکەینەوە، کە پەیکەری سەدام لە بەغدا دەڕووخێت ئیدی شانۆ دەکەوێتە نەخۆشخانە و کەسانێك بەیەکجاری دەکەونە بانگەشەی ئەوەی شانۆ نەك لەلای ئێمە لە خۆرئاواش مرد.

ئێمە چونکە شانۆکەمان لەناو ڕۆحی کوردبوونەوە بوو نەوەك لەناو گوتاری هونەری و جوانیناسیانەوە، بۆیە دۆخێکی سرووشتیە تەنیا لەساتی قۆناغە سیاسیەکاندا شانۆی ئێمە زیندوو بێتەوە، ئەوەش ڕووبەرووی ئەو حەقیقەتەمان دەکاتەوە، وەهمی کوردبوون لەشانۆ بووە هۆی ئەو دۆخەی ئێستا ئێمە لەبەردەم ژووری ئینعاشدا چاوەڕوانی مەرگی شانۆکەمان بکەین.



(10)

کەواتە ئەوەی مرد شانۆ بوو یان کوردبوون ؟ ئێمە کە لەشانۆدا وەهمی ڕەسەنایەتییمان لەناو کەلەپووردا چاند، ئێستا ئەگەر شانۆکەمان مردبێت، ئەوە هۆکارەکەی ئەو گوتارەی ناو ڕۆحی کوردبوونە مردووە.. ئەگەر کوردبوون نەمردووە ئەوە ئەو تێگەیشتنە خراپەیە کە ڕەسەنایەتیمان بە کەلەپوور ناسیوە.

چونکە یەکێك لەو کێشانەی کە ڕووبەرووی گوتاری شانۆی ئێمە بۆتەوە، وەهمی ڕەسەنێتیە، ڕەسەن بوون بەو مانایەی کە ئێمە شانۆکەمان کوردیی بێت، کوردیی بوون دیسان وەك گوتاری سیاسی شانۆی بەجۆرێکیتر لیٚ زەوت کردووین.

کوردیی کارەکتەرێکە بۆ مانەوە شانۆ بارگاوی دەکات بە فۆلکلۆر، بەو ناوەی بۆ ئەوەی شانۆکەمان کوردیی بێت دەبێت پڕی بکەین لەچیرۆکە فۆلکلۆری و گواستنەوەی ئەو ڕابردووە بۆ سەر شانۆ. لێرەوە تێبینی دوو خاڵ دەکەین، یەکەمیان ئەوەیە ئێمە

شانۆ لەشار دادەبڕین و دەیخەینەوە ناو گوند، لێرەوە عەقڵی ئێمە عەقڵێکی گاڵتەجارە هونەرێکی مۆدێرن دەگوازینەوە بۆ ناو هونەرێکی گوندیی، بەگوند کردنی شانۆ یەکێکە لەو کێشانە کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری.

تێبینیەکی تر ئەوەیە کێشەی میتۆدی کارکردنی ئێمەیە کەلەپوور و فۆلکلۆر لەشانۆدا بە کولتور دەناسین، لەکاتێکدا ئێمە تێگەیشتنێکی ڕابردوو خوازیمان هەیە کەواتە شانۆی ئێمە لەدەرەوەی کولتور و لەناوەوەی فۆلکلۆردایە.

لێرەدا بۆ ئەوەی لەئاستی شەرمەزاری بوونی خۆمان تێبگەین دەبێت بزانین ئێمە شانۆمان نەبوو شانۆمان نیە، ئەو چەند هەوڵ و هەنگاوە جدیانە بۆ تێکشکاندنی عەقڵی متبوو بەس نیە بۆ ئەوەی قسە لەشانۆ بکەین، بەڵکو ئێمە شانۆمان تەسلیمی فۆلکلۆر و ناو ئەتمۆسفێری نەریتی گوندەکان کردوە، دامان بڕی لەشار و هەموو دەرگایەکمان لەسەر شانۆ داخست و



نمایشەکانی "خەج وسیامەند، لاس وخەزاڵ، محەمەد وسێوێ، شیرین وفەرهاد, خانزادی سۆران" یەك ڕوانینمان بۆی هەیە، هەوڵێکی گرنگی گوتارە شانۆییەکەمانن بۆ کوشتنی شانۆ و تەسلیم کردنەوەی بۆ ناو فۆلکلۆر و خنکاندنی شانۆ لەڕێگەی وەهمی ڕەسەنایەتیەوە.

(11)

ئێمە لەبەردەم میکانیزمێکی ترسناکدابووین ئەو میکانیزمە بوو بە گوتاری شانۆکەمان ئەویش پرۆژەی بەگوند کردنی شانۆ بوو، ئەو بەگوندکردنەی شانۆ، فرێدانی شانۆ بوو لەهونەرێکی شاریەوە بۆ ناو گوندەکان، لەکاتێکدا ئاسانترین نهێنیەك کە بۆمان دەرنەکەوتبوو ئەوەیە کە شوێن خاسیەت و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لەهونەری شانۆدا، لێرەدا تەنیا مەبەستمان لەشوێنی سەر تەختەی شانۆ نیە، بەڵکو شوێن وەك ڕووبەری ئامادەبوونی شانۆ، بۆچی شارێکی وەك سلێمانی لەگەڵ گەشەسەندنی مۆدێرنە

بەعس ناتوانێ بەربەست لەو گەشەسەندنە بگرێت کە لە سلیمانی ڕوو دەدات؟
هۆیەکەی ئەوەیە سلیمانی وەك شارێکی نوێ کە خاسیەتەکانی شاری نوێ ئەوەیە بتوانێ بوونی خۆی وابەستەی فەرهەنگ بکات، بۆیە شانۆ کە بەرهەمی شارە لەهەموو شوێنەکانی تر زیاتر لەو شارە وەردەگیرێت، ئەوە سەپاندنی شارێك نیە بەسەر شارێکیتر بەقەد ئەوەی تەنیا تێگەیشتنێکە لەپێناو نزیك بوونەوە لەتێگەیشتن بۆ هونەرێکی شاری کە شانۆیە.
گرفتی ئێمە لێرەدابووە کە شانۆ لەشار دادەبڕین خێرا دەیبەینە ناو عەقڵیەتی گوند و بەدیمەنی گوندیی دەمانەوێت باس لەکوردیی بوون بکەین وەك ئەوەی کوردیی بەتەنیا پەیوەست بێت بە ژیانی ڕابردووی کۆمەڵگای ئێمە، ئەوە دابڕانی کوردیە لەئێستادا و تەسلیم بوونەوەیەتی بە ڕابردوو.
ئەو تەسلیمبوونەوەیە لە هەفتاکان لەشارێکی وەکو هەولێر نەك بەتەنیا نمایشی



شانۆیی سەربەخۆی بۆ ئەنجام دەدرێت، بەڵکو تیپێکی سەربەخۆی بۆ درووست دەکرێت بەناوی (تیپی شانۆی لادێ)
ئەو تیپە لەڕوویەکدا گرنگی خۆی هەیە بەهۆی ئەوەی دەیەوێت خەڵکی گوندەکان بە شانۆ ئاشنا بکات و ئەو هونەرە لەسنورێکی دەست نیشان کراو نەمێنێتەوە، بەڵام لەڕووی دووەمدا وێنەیەکی کاریکاتۆری دەبەخشێت بەوەی جیاوازیەکانی شوین دەکوژێت و دەڕواتە لادێ بۆ ئەوەی ژیانی گوندیی پێ نیشان بدات، لەکاتێکدا ئەو پێویستی بە نیشاندانی ژیانی شارە، بۆ ئەوەی ڕووی شار لەو هونەرە ببینێت، بەڵام بەگوندکردنی شانۆ گوتارێکە بۆ ئاسایی کردنەوەی هونەری شانۆ،
لێرەدا دەسەڵاتی حزبە کوردیەکان لە ڕابردوو کارێکی زۆریان بەوە هەبووە، چونکە دواجار ئەو شانۆیە دەچێتەوە خزمەتی ئەوان، بەڵام بەبێ ئەوەی بیرمان بچێت ئەوە تەنیا ئامرازێکە بۆ شۆڕش و ستایشکردنی گوند دەنا لەجەوهەردا پرۆسە

و زەمینەیەکی تۆکمەیە کە شانۆی پێ بکوژرێت.
ئەوە یەکێکە لەو هۆکارە ترسناکانەی کە ئەمڕۆ شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا بوونی نەبێت، چونکە ئێمە لەڕێگەی بەگوندکردن ناتوانین شانۆ بکەین بە کولتور، گوند بۆخۆی دلنیایە لەوەی شانۆ بەرهەمی شارە، بۆیە تاچەند دیمەنەکانیشی بگوازیتەوە سەر شانۆ یاخود بۆ لای ئەویش بیبەیت ئەو هەر بە عەقلی شاری ئەبینێت، بەلاّم گرفتەکە لەشانۆکاری کورد بووە لەوە تینەگەیشتووە ئەو خەریکی هونەرێك بووە کە بەرهەمی شارە نەك گوند.

(12)

ئەوەش تێگەیشتنی کورتبینانەی بوو بۆ کولتور، ئەو تێگەیشتنە لەڕاستیدا کێشەیەکی میتۆدی شانۆکاری کوردە، چونکە یەکێك لەو هۆکارانەی بووە هۆی خنکاندنی شانۆ ئەو تێگەیشتنە کورتبینە بوو بۆ کولتور، کە کولتوری کورت کردەوە لە



کەلەپوور و فۆلکلۆر، بەوەی بۆ ئەوەی شانۆیەکمان هەبێت گوزارشت لە کولتوری کوردیی بکات دەبێت بگەرێینەوە بۆ ناو نەریتە کۆنەکانی ڕابردوو.
ئەمڕۆ کۆمەڵناسان زیاد لە 148 پێناس بۆ کولتور دەخەنە ڕوو، هەلبەت ئەو ژمارەیە تەنیا لەسەر ئەو پێناسەییە کەلەسەری ڕێك کەوتوون، دەنا زۆر پێناسی تریش لەبارەیەوە ووتراوە، بەلاّم بۆ تێگەیشتن لەچەمکی کولتور دەتوانین لەساناترین ماناادا وای پێناسە بکەین کە "کولتور بریتیە لە گشتێکی ئالۆز لەزانست وزانیاری وهونەر، هزرو بیروباوەڕو یاسا، دیسپلین وداب نەریت وترادسیۆنەکان، بەکورتی گشت ئەو فێربوون وعادەتانەی کە مرۆڤێك وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگا وەری دەگرێت" (دەروازەکانی کۆمەڵناسی/ مەنوچێهر موحسنی.. وەرگێرانی کۆمەڵێك وەرگێر، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی هەولێر 2002، لا 103)

لەبەرامبەر ئەو پێناسەیەدا ئێمە ڕووبەرووی کێشەیەکی میتۆدی دەبینەوە، کە دەبێت گومان لەکۆی ئەو پڕۆژە کولتوریانە بکەین لەشانۆدا.

لەبەر ئەوەی کولتور بریتی نیە لە ڕابردوو، بەڵکو ڕابردوو تەنها بەشێکە لەناو کولتور، چونکە شانۆ بۆ خۆی کولتورە، بە کولتور نەبوونی لەکۆمەڵگای کوردیی ئەوەشیان باسێکی تر و مەبەستی سەرەکی ئێمەیە، بەڵام ئەو کەلەپوورەی کردومانە بە کولتور لەراستیدا تەنها لقێکە لەناو کولتور.. چونکە کولتور بریتی نیە لە ڕابردوو، بەڵکو کولتور لەئێستادا لەگەلماندایە و داهاتووشە.

ئێمە لەبەردەم کیشەی میتۆدیدا بۆ کولتور تێدەگەین ئەوە کولتوری کوردیی نەبوو لەشانۆدا بینیمان.. خوێندمانەوە.. بیستمان، بەڵکو ئەوە خنکاندنی شانۆ بوو لەناو فۆلکلۆر، ئەوە ئەو جەهلە کوشندەیە بوو کە شانۆی لەکولتور و شار دابڕی گواستیەوە بۆ ناو گوند و نەریتە فۆلکلۆریەکان.



چیرۆکی فۆلکلۆر و حەیرانەکانی نووسیەوە و لاسایی ناو کاسێتی حەیرانەکانمان کردەوە و ناومانننا کولتوری کوردیی، هەر ئەوەش دەبێتە بنەمای لەدایکبوونی شانۆ.

ئەو کێشە میتۆدیە پێمان دەڵێت لەخۆڕا نیە شانۆ لەکۆمەڵگای ئێمەدا لەبەرامبەر مەرگدایە، ئێمە بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتی شانۆمان کردە مۆزەخانە و گەلەری ڕابردوو، بۆیە کە شانۆیەك بۆخۆی نەبووە کولتور لەکۆمەڵگادا دەبێت لەهەست کردن بەمردنیشی بزانین ئەوە کۆمەڵگا نیە شانۆی کوشتووە، بەڵکو شانۆکارە لەشانۆ تێنەگەیشتبوو، بۆیە پێویستە لەهەر پرۆژەیەکی زیندوو کردنەوەی شانۆ لەوە تێبگەین کە پێویستە پەیوندیی نێوان "شانۆ و کولتور" و "شانۆ و کۆمەڵگا" و "شانۆ و شار" و "شانۆ و مۆدێرنە" و "شانۆ و کۆمەڵگای مەدەنی" وەك بابەتی ستراتیژیی بۆ شانۆکەمان سەیری بکەین.

(13)

پێویستە ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کاتێك هەموو دەرهێنەرە ناسراوەکانی دنیا بۆ دۆزینەوەی نهێنی وگەڕان وپشکنینەکان ڕوو دەکەنە کارکردنەوە لەتەك کولتور بۆچی ئێمە بەدرێژایی زەمەن خۆمان لەناو فۆلکلۆر خنکاندووە؟ بەچ لۆژیکێك دەشمانەوێت ببینە خاوەن شوناسێکی تایبەتمەند لە شانۆدا؟

بۆیە کاتێك کاتێك دەرهێنەری ناسراوی جیهان پیتەر بروك پێشنیاری شانۆی فرە کولتوری خستە ڕوو، ئەو پێشنیارە بۆ تێگەیشتن بوو بۆ ئەو پەیامە مرۆییەی هونەرێکی شارستانی کە دەبوو دەرگا بەسەر کولتورەکان بکاتەوە، کە بێ شك ئەوەش پەیوەست بوو بە دەرهێنەرانی پێش خۆی کە ویستبوویان سوود لەکولتورەکان وەربگرن و کولتوری نەخوێنراوە لەناو شانۆدا بخوێننەوە.

خوێندنەوەی کولتور لەناو شانۆدا تێکشکاندنی ماناکانی کولتور و



نوسینەوەیەتی لە ڕووبەری نمایشدا، ئەوە دەرگا دەکاتەوە بۆ شانۆیەك کە مانا کولتوریەکان لەپڕۆسەی تێشکاندنەوە، مانای شانۆیی بگرێتە خۆی، تا ڕادەی ئەوەی شانۆ لەناو شانۆ بیر بکاتەوە و چیتر لەسەر کاغەز و لەناو بابەتی ئامادەکراو گوتاری نمایش بەرهەم نەیەت، ئەو حالەتە ڕێك جیاوازە لە گوتاری شانۆی ئێمە، چونکە ئێمە فۆلکلۆرمان هێناوە و ناومان ناوە کولتور، بابەتی ئامادەکراوی فۆلکلۆریش لەڕێگەی چیرۆکە کەلەپووریەکان لەناو شانۆ دەگێڕینەوە و مانا مێژوویەکانی فۆلکلۆر دەخەینەوە ڕوو.

دەیەی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دەیەی تراژیدیای شانۆی ئێمەیە، کە بە بیانوی کوردبوون شانۆکانمان فۆلکلۆر داگیری دەکات و کولتور ناخوێنرێتەوە.

کوشتنی دوعا و ژنانی شنگال و تراژیدیای خێلی حەمە و تەقینەوەکانی کەرکوك و کوشتنی ڕۆژنامەنووسان و تێکستەکانی ئاڤێستا و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و

ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی و..... هەموو ئەمانە بەشێکن لە کولتوری کوردیی وەك چۆن چیرۆکە کەلەپوورییەکانیش بەشێکن لە کولتور، بەڵام تەواوی کولتور نین، چونکە کولتور لە ڕابردوو نییە لە ئێستایە لە داهاتووە، بەڵام چۆن کولتور لەشانۆ دەخوێنرێتەوە، خوێندنەوەی کولتور گرنگی تایبەت بەخۆی هەیە.

ئەو پێشنیارەی بروك حالەتێکی ئەخلاقی سەیرمان ڕووبەروو دەکاتەوە ئەو دەیەوێت دەرگا لەکولتورە جیاوازەکان بکاتەوە بۆ ناو نمایش، کەچی ئێمە خۆمان لەناو فۆلکلۆر دەخنکێنین و دواجاریش دەڵێین دەسەڵاتی شانۆ ئەو کاریگەریەی لەناو کۆمەڵگادا نیە، بۆیە قسەکردنەوە لە پەیوەندیی شانۆ و کۆمەڵگا دەبێت دیدێکی ڕەخنەیی بێت بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵناسیانەمان بۆ شانۆ

(14)

لێرەدا پێویستیەکی زۆرمان بەوەیە لە پەیوەندیی نێوان شانۆ و کۆمەڵگا تێبگەین،



ئەو تێگەیشتنە گەڕانەوەیە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵناسیانەی ئەو پەیوەندییەی دەکەوێتە نێوان کۆمەڵگای کوردیی و شانۆکەی.

ئەو پەیوەندیە لەئاستی پلەی سفری مەعریفەیە، چونکە دەستەواژەی "شانۆ قوتابخانەی گەلە" دەرکەوت قوتابخانەیەکی خراپمان هەبوو، مەعریفەی تۆز لێنیشتوو تیای دەووترایەوە، بۆیە گەل چیتر نەیتوانی بڕوا بەمەعریفەی ئەو قوتابخانەیە بکات و ناچار بوو هاوار بەسەر مامۆستاکان بکات "بەسە لەوانەکانی ئەو قوتابخانەیە بێزار بووین، چیتر نایەینەوە ناو پۆلەکانی خوێندن""

ئەوە وای کرد شانۆ قوتابخانە نەبێت، بەڵکو ئیدی دەبێت تێگەیشتنێکی ترمان هەبێت بۆ کۆمەڵگای کوردیی، پێویستە شانۆ دامەزراوێکی کولتوریی بێت زیندەگی کولتورەکەمانی تیا بخوێنرێتەوە، کۆمەڵگا هەست بە ئاستە زەمەنیەکانی بکات لەشانۆدا، ببینێت کە ئەوە کوردبوونی ئەوە لێرە، کوردبوون بەرهەمی حەیران و گۆرانی

و جل وبەرگ و کەل و پەلی ناو دیوەخانەکانی لادێ نیە، کورد بوون عەقڵە، دەبێت شانۆی کۆمەڵگای کوردیی لەئاستێکی هێندە پێشکەوتوو بێت کۆمەڵگا هەست بکات شانۆکاری کورد لەعەقڵێکی بالاوە لەشانۆ دەڕوانێت نەك لە کەلەپورەوە.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان شانۆ وکۆمەڵگا دەبێتە پەیوەندیی هارمۆنی نێوان منی کولتوریی و منی مرۆیی، ئەو پەیوەندیە شانۆ دەکاتە پێویستیەکی کەینونی ژیانی کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە پێویستی بە تێگەیشتنی تیۆریی هەیە، بەداخەوە لەم دۆخەی ئێستادا سەختە بڕوا بەوە بێنین ئەتوانین ئەو پەیوەندیە بەرەو ئاقار و داڕشتنەوەیەکی نوێ بەرین کە گومانەکانمان لە شوناس لەو ڕەهەندە تەسکەی ڕابردوو دەرباز بکەین و بیخەینە ناو پانتاییەکی فراوانی کولتوریی

(15)

لێرەدا دەبێت خۆمان فریوو نەدەین بێئاگایانە لەدنیا نەڕوانین، ئێمە لەسەردەمی



گلۆبالیزەیشنداین، سەردەمێك کولتورەکانیش کەوتونەتە زەوتکردنی یەکتری و شەڕ لەسەر ئەویتر دەکەن، کەچی ئێمە بمانەوێ شانۆیەکمان هەبێت کە نوقمی فۆلکلۆرەکەمان بێت و ڕازیش بین بەو دەلاقە تەسکبینەمان.

ئەی کاتێك ئەو فۆلکلۆرەش بردراو لەخۆمان باشتر کاری تیا کرا، ئەو کات چیمان بۆ دەمێنێتەوە؟ ئێمە چۆن سەیری کولتوری ئەویتر دەکەین، هەمیشە بە کولتوری نامۆ دەیبینین؟ ئەوەیە گرفتی تێگەیشتنمان بۆ کولتوری کوردیی و بۆ ڕوانین لە کولتوری ئەویتر.

ئێمە کەوتووینەتە بەردەم کولتورەکانەوە، کولتورەکان بەتەنیا شەڕی بوون ناکەن، بەڵکو دەچنە ناو یەکتری، شەڕەکە وەك فەیلەسووف پاش تازەگەری لیوتار ووتی "ئەگەر تا دوێنێ شەر لەسەر بستە خاکی یەکتری دەکرا و ورگی یەکتریان لەسەری هەڵئەدری، ئەوا ئەمڕۆ ئیتر شەڕ لەسەر مەعریفە دەبێت"

ئێمە لەسەردەمی جیهانگیریدا کە کولتورەکان بەناو یەکدا دەچن، بۆ بوونی شوناسی شانۆکەمان چیتر ناتوانین شانۆکارێکی کەلەپووری بین، بەڵکو لەسەردەمی جیهانگیریدا دەبێت بڕوا بەوە بێنین شانۆکارێکی گەردوونی بین.

گەردوونی بوونی شانۆکار واتە لەناو هەموو کولتورەکاندا گەشتەکانی خۆت ئەنجام بدەیت، ئەوە سەفەرێکی گلگامشیانەیە، ڕۆچوونە ناو ئەفسانە، تیپەڕینە بەناو کولتورەکان، چیتر کوردبوون وابەستە نیە بەدیدی غەیبانی کەلەپوورەوە، کورد بوون بەرەنجامی خوێندنەوەی عەقلانیە بۆ کولتورەکان.

پێشنیارەکەی بروك بۆ شانۆیەکی فرە کولتوری، فۆڕمێك نیە بۆ نمایشێکی شانۆیی، بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ گەڕان و بنیاتنانی شانۆ لەناو کولتورەکانەوە، ئەو کاتانە ڕووبەرووی دواهەمین پرسیار دەبینەوە لەو تێگەیشتنە تەسك بینەی بۆ شوناس هەمانبوو ئەویش ئەوەیە: لەزەمەنی



جیهانگیریی فۆلکلۆر و کەلەپوور لەبەردەم کولتورە جیاوازەکان خۆی لەکوێی نمایشی شانۆیی دەبینێتەوە؟

(16)

لێرەدا شەڕێك هەیە شەڕی نێوان کولتور و کەلەپوور شەڕێك هەرگیز شانۆکاری کورد نەیبینیووە و هەستیشی بە بوونی شەڕەکە نەکردووە، لەکاتێکدا هەستیشی پێ بکردبایە نەیدەتوانی بەرگەی شەرەکە بگرێت، چونکە ئەو شەڕە سەرەنجام بە دۆڕاندنی کەلەپوور تەواو دەبێت.

دەرگا داخستنی کەلەپوور لەسەر خۆی بەتەنیا گەڕانەوە نیە بۆ ناو گوتاری مانەوە، بەقەد ئەوەی وەستانە لەناو میکانیزمەکانی خۆیەوە، کە توانای شەڕکردنی نیە، بەڵکو دەبێت لەناو زەمەنی غەیبانیەتی حیکایەتەوە بمێنێتەوە. ئەوەش وای لێ دەکات شانۆکەی ببێت بە وێنەیەکی مۆزەخانەیی ئەو وێنەیە نایەلێت شانۆ لەنێوان بوون وەك هونەر و بوونی وەك سۆفستاییەتی ئاخاوتن بێتە دەرەوە.

سۆفستاييەتی کەلەپوور هەمیشە بکوژی زمانە، زمان لەدایك نابێت، چونکە ئاخاوتن شوێنی زمانی گرتۆتەوە، بۆ ئەوەی زمانێکی شانۆییمان هەبێت، دەبێت بتوانین فریوو نەخۆین بەوەی زمان بریتییە لەکوردیی بوون، کوردیی بوون هەرگیز تاکە بنەمایەك نیە بۆ لەدایکبوونی زمانی شانۆیی، ئەوە زمان نیە، بەڵکو ئەوە ئاخاوتنی ناو زەمەنی حیکایەتە.

ئەو زەمەنە بۆ نمایشی شانۆیی هەر ئەو وێنەیەی بۆ ڕابردوو ئەبێت کە لەکۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان تیایدا شانۆ بۆتە ڕووبەری نمایشکردنەوەی کەلەپوور، بۆیە ئامادەبوونی گوتاری نمایش لە ئامادەبوونی کولتوردایە، کولتوریش پێویستی بەخوێندنەوە هەیە، خوێندنەوەی کولتور لەشانۆدا بەواتای تێکشکاندن و بنیاتنانەوەی لە ڕووبەری نمایش.

ئێمە ئەگەر کەمێكووردتر سەیری دنیا بکەین و بپرسین: لەڕووداوی یانزەی سێبتێمبەر ئاخۆ هێزی تاڵیبان بە شمشێر و ووشتر شەریان لەگەڵ ئەمریکا کرد یان



بەهەمان هێز و تەکنیکی مۆدێرنیتی شەڕیان کرد؟ ئاخۆ تاڵیبان دەیتوانی بە شمشێر و بازرگانی کردن و قافلەکان شەڕی ئەمریکا بکات؟

بۆ خۆمان پێویستمان بەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە نیە، چونکە نامانەوێت لەبابەتە شانۆییەکە دوور بکەوینەوە، بەڵام بیر هاتنەوەی بۆ ئەوانەیە کە دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن و بەناوی کوردبوون دەیانەوێت شانۆکەمان ئاستێکی باڵای هەبێت.

باڵا بوون تێگەیشتنە لەدنیا و چۆنیەتی خستنە ڕووی پرۆسەی ئامادەبوون کە بتوانێ ئاستی باڵای شانۆکەمان بخاتە ڕوو، ئەوەش لەڕێگەی ئیشکردنەوە لەسەر کولتور و درککردن بە هەوڵە شانۆییە نوێیەکان و میتۆدە جیاوازەکان توانای خوێندنەوەمان دەبێت، بەبێ ئەوەی ئینتیما بۆ میتۆد بکەین بەقەد ئەوەی خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ میتۆد و چۆنیەتی کارکردنەوە و چۆن میتۆد دەکەینەوە پاشخانی مەعریفی کارکردنمان،

ئەوەش ڕووبەڕووی دوو پەیوەندیی ترمان دەکاتەوە بە شانۆ کە شار و تازەگەرییە و لێرەوە دەبێت لەسەر ئەو دوانە بووەستین.

(17)

پەیوەندیی شانۆ بە تازەگەرییەوە پەیوەندیی مرۆڤی هاوچەرخە بەدنیاوە، ئەو مرۆڤەی لەگەڵ کۆژیتۆکەی دیکارت دەبێتە کائینێکی بیرکەرەوە، کە بوونی وابەستەی بیرکردنەوەیە، بۆیە شانۆش هونەری بیرکردنەوەیە، ئەگەر تازەگەری دابڕان لەتەك پێش خۆی درووست بکات، ئەوا شانۆش لەهەناوی تازەگەری دێتە بوون، لێرەشدا تازەگەری مەبەست لەتازەگەری تەکنەلۆژیی نییە، بەڵکو قسەکردنە لەمەعریفەی تازەگەری.

تازەگەری لەجەوهەردا بەسەر دوو ئاست پۆلین دەکرێت ئاستێکیان تازەگەری ماددییە کە ئەو تازەگەرییە بەرهەمی عەقڵییەتی تەکنەلۆژیی وتەکنیکیەکانە، زۆربەی جار لەڕووی سوڕانی تەختەی شانۆ و ڕوناکی و



تەکنیکیەکانی وهونەری سینەما سوودی زۆری لێ دەبینرێت.

ئاستی دووەمی تازەگەریش تازەگەری عەقڵییە، ئەو تازەگەرییەی کە بەدژی تازەگەری ماددی دەوەستێتەوە، بەدوای ئاشکراکردنی نهێنییە شاراوەکانی شانۆیە، وەك لەلای پیتەر بروك لە قۆناغی "پانتایی بۆش" و ڕووکردنە شوێنە دوورە دەستەکانی وەکو گوندێکی دوور یاخود ئەزموونی (مهابهارتا) دەرخستنی تازەگەرییەکی عەقڵانییە، لێرەدا پێویستە لەوە تێبگەین ئێمە لەکوێی ئاستەکانی تازەگەری خۆمان دەبینینەوە؟

شانۆکاری کورد خەون بەو تازەگەرییە ماددییەوە دەبینێت و ئەوە ناو دەبات بە تەکنیکی شانۆیی و ئاست نزمی شانۆکەشی پابەند دەکاتەوە بەو تەکنیکەوە هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو بۆ خۆی ناتوانێ بەشداری لەپرۆسەی عەقڵانی تازەگەری بکات، بۆیە هەمیشە خەون بەو تازەگەرییە ماددییە دەبینێت کە شانۆکەی پڕ بکات

لەوێنەی زەخرەفەیی و سەرسامکەر و
تەختەی شانۆکەی بۆی بسووڕێت.
ئەوە لەکاتێکدا تازەگەری عەقڵی
پرۆسەیەکی ئیبداعی بیرکردنەوەیە،
پەیوەندیی بەسەرسامیەوە نیە، بەڵکو
کاریگەری دەخوڵقێنێت، بەهۆی ئەوەی
شانۆی ئێمە هیچ کاتێك کاریگەری
لەمەعریفە و کولتور نەخوڵقاندووە، بۆیە
هەمیشە بیر لەخولقاندنی سەرسامی
دەکرێتەوە.
ئەوەش بەشێکی پەیوەستە بەوەی ئێمە
لەنهێنی پەیوەندیی شانۆ و شار
تێنەگەیشتووین، بەڵکو بۆ چەمکی کولتور
گەڕاوینەتەوە ناو کەلەپوور، بۆیە شانۆی
ئێمە لەعەقڵیەتی شار هاتۆتە دەرەوە و
تەسلیمی عەقڵیەتی لادێ بووە.

(18)

شانۆ و شار دوو منداڵی ناو مناڵدانی ڕۆحی
تازەگەرین، ئەو دوانە بەرهەمی عەقڵیەتی
تازەگەرین، تازەگەری وەك بنەما



فەلسەفیەکەی کە مرۆڤێکی دیکارتیە بوونی
وابەستەی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە
پرۆسەیەکی عەقلانیە، کاتێك قسەمان لەشار
کرد واتە قسە لەبەرهەمێکی تازەگەری
دەکەین، ئەوە عەقڵیەتی تازەگەری و
لەدایکبوونی فەردە، وەك چۆن قسەکردن
لەشانۆ قسەکردنە لەو فەردەی ناو
تازەگەری، شار و شانۆ دابڕاون لەعەقڵی
خێڵ و پێکهاتە سوونەتیەکانی ژیان، بەلام
ئێمە دەتوانین لێرەدا لەبەردەم ئەو ووتەیەی
ئەدۆنیس لەئاستی شارەکانی خۆمان
ڕابمێنینەوە، کاتێك دەڵێت "ئێمە لە
نیشتیمانی عەرەبیدا شارمان بەمانا
مۆدێرنەکەی نیە، بەڵکو کەڵەکە بوونی
بەشەرو خانوومان هەیە"
ئەو ووتەیە بۆ شانۆی ئێمە و شاری
کوردیش تەواو گونجاوە، ئەوە نەبوونی
شارە وای کردووە شانۆی ئێمە هەمیشە
شانۆیەك بێت لەنێوان عەقڵیەتی خێڵ و
بونیادە کەلەپووریەکان و لەنێوان شانۆیەك
بێت کە لە وەهمی شاربوون بژێیت، ئەوەش

دووفاقیەتی شانۆیی ئێمەیە، کە هەمیشە شانۆکاری کورد لەنێوان بەهای کۆچەریی و بەهای ژیاریدا ژیاوە، ئەوەش ئەو شانۆکارەی کردۆتە مرۆڤێکی دووفاق، باگراوندی ئەو دووفاقیەتەش پەیوەستە بەدۆخی ئەو مرۆڤە لەئاشنابوونی بە دنیای تازەگەری لەکۆمەڵگای عیراقی دوای جەنگی جیهانی، کە دەرکەوتنی مۆدی ئەفەندی وبەهاکانی ژیانە.

با لێرەدا لەسەر بەها و مۆدەکانی ناو ژیانی کولتورییمان بووەستین هەوڵبدەین لەڕێگەی دیدێکی کۆمەڵناسیانە بۆ بەها ڕوانینێک بخەینە ڕوو، ئەوسا بەهاکان لەڕێگەی گواستنەوەیان بۆ شانۆ وێنەی شانۆکاری کورد لەناو بەهاکان دەست نیشان بکەین.

(19)

بەها لەژیانی کۆمەڵایەتیدا وەك کۆمەڵناس ئیبن خەلدون پۆلینی کردووە دابەش دەبێتە سەر دوو جۆر ئەوانیش "بەهای خێڵە کۆچەریەکان" و "بەهای ژیار" بەهۆی ئەوەی



ئایینی ئیسلام هەڵگری بەهای خێڵە کۆچەریەکانە، بۆیە ئیسلامبوونی کۆمەڵگای کوردیی ڕەوایەتی دان دەبێت بەو بەهایە و زوو تێکەڵی ئەو بەهایە دەبێت.

ئەگەر لەو جیاکاریە بڕوانینە بەها لەکۆمەڵگای کوردیی دەبێت بڵێین بەهای خێڵە کۆچەریەکان ئەوانەی کۆچ دەکەن لەشوێنێك بەرەو شوێنێکیتر کە لەلای ئێمەی زیاتر بە قەرەجەکان ناسراون، هەروەها دۆمەکان دەکرێت بیانخەینە سەر ئەو جۆرە بەهایە، جگە لەچەندین ناویتر کە لەڕابردوودا ئەو کۆچەریانە هەیانبووە لەوانە "کڵاو بەسەر" کە لەرێگەی ئەو گوڵە بەهاریانەی لەدەشتەکان دەپشکوتوون کڵاویان بۆخۆیان درووست دەکرد و لەلای مرۆڤی گوندەکان بە کڵاو بەسەر ناو دەبران.

عوسمانیەکان لەگرتنە دەستی خەلافەتدا کە دێنە کوردستان دەیانەوێ لەئاستی کولتوریی سیماو تایبەتمەندیەکانی خۆیان بسەپێنن، بەوەی مۆدێکی نوێ دێننە بوون کە مۆدی ئەفەندیە، ئەوانە لەکوردستان و

عێراقدا دەبنە چینێکی کۆمەڵایەتی بەهۆی ئەوەی "دەبوونە فەرمانبەر لەدەزگا حکومیەکان و لەڕووی جل وبەرگەوە لاسایی جل وبەرگی ئەفەندییان دەکردەوە، ئەو چینە هەوڵیان دەدا قسەکردن بگۆڕنە سەر زمانی تورکی، بەمانای ئەفەندی لەناو عەرەبدا بە تورکی قسەیان دەکرد، ئەوە سەرباری ئەوەی زاراوەی زانستی وهونەریان تێهەڵکێشی قسەکانیان دەکرد" (لمحات أجتماعية من تأريخ العراق الحديث/ د. علي الوردي, انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) 1996, الجزء الثالث, المجلد الثاني, ص 6).

بەهای دووەم کە بەهای ژیارە، بەهایەکە جەنگی جیهانی لەڕێگەی ئینگلیزەکانەوە دەیهێنێت و لەڕاستیدا هەر ئەوانیش شانۆ دێننە کوردستان و عێراق، وەك چۆن ئۆتۆمۆبیل دێننە ئەو کۆمەڵگایە و عوسمانیەکان کە دەزانن ئەوە دژی بەهای ئەوانە خێرا دەکەونە دژایەتی بەهاکان لەڕێگەی گوتاری ئاینەوە، ئەوەش



دژایەتیکردنی کولتووریی بوو، بۆیە ڕایانگەیاند "چوون بۆ خوێندنگاکان حەرامە، خوێندنەوەی ڕۆژنامە حەرامە، فێربوونی هەر زمانێکی ئەوروپی حەرامە، هەروەها حەرامکردنی لەسەرکردنی شەبقە و خواردن بە کەوچك و تەنانەت دانیشتن لەسەر کورسیش" (دراسة في طبيعة المجتمع العراقي/ د. علي الوردي, انتشارات المكتبة الحيدرية (طهران) 1988, الطبعة الثانية, ص 342).

ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانێکی زۆر چەك لەدژی ئینگلیز هەڵبگرن، وەك عەلی وەردی ئاماژەی بۆ دەکات شکستی ئینگلیزەکان لە شەقلاوە بەدەستی خۆشناوەکان زادەی ئەو دۆخەیە، کە وەردی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەو ئومێدەی کوردەکان لەداهاتوو زیاتر قسە لەو بابەتە بکەن، کە بەداخەوە تائێستا نووسینێکی کۆمەڵناسیانەمان نیە بۆ ئەو ساتەوەختە کە پشتی پێ ببەستین.

(20)

ئێمە لێرەدا دەبینین هەردوو بەهاکان دەردەکەون، بەلاّم ئەو بەهایانە وەك کۆمەڵناسی عێراقی د. عەلی ئەلوەردی لەسەری دەوەستێت بەوەی مرۆڤی عێراقی کردووە بە دوو فاق بەوەی لەیەك کاتدا هەڵگری هەردوو بەهایە، بۆ ئێمەش ئەم حالەتە هەمان وێنەی هەیە.

کەسێتی کوردیی هەڵگری هەردوو بەهایە لەیەك کاتدا، ئێمە پێشتر لەکتێبی "خودی کوردیی لەنێوان کەسێتی دووفاقی و تراژیدیای ئەنفالدا، هەموو ئەو دوو فاقیەتەمان دەست نیشان کردووە، بۆیە لێرەدا نموونە و ئارگۆمێنتەکانی ئەو بابەتە جێدێلین و دەگەڕێینەوە ناو تێگەیشتنە شانۆییەکەمان"

ئەگەر لەسەر چەمکی ئەفەندی بووەستین دەتوانین ئەوە بەسەرەتای دەرکەوتنی مۆدی خوێنەوارێك ناو بەرین، بۆیە ئەو وێنەیە کاریگەری دەبێت بۆ داهاتوو لەسەر وێنەی شانۆکاری کورد، بەوەی ئەو شانۆکارە



زاراوە هونەرییەکان لەناو ئاخاوتنەکانی دەبیستین، کەچی لەبنەڕەتدا مرۆڤێکە هەڵگری بەهای خێڵە کۆچەرییەکانە، وەك ئینتیماکردنی شانۆکار بۆ شانۆی لادێ لەڕووی نمایش وەك دیمەنە شانۆییەکە کە پڕییەتی لەدیمەنی ئاغا و جوتیار لەلایەکیتریش بردنی شانۆ بۆ لادێ و نمایشت کردنەوەی ژیانی لادێی.

نەوەی کەلەپوور ئەوانەی ویستیان هەموومان بەوە فریوو بدەن ئەوەی هەیە کولتووریی کوردییە، کە لەڕاستیدا فۆلکلۆر بوو نەوەك کولتوور، بۆیە ئێستا وەك عوسمانییەکان پێمان دەڵێن "ئەوەی ئێوە دەیکەن لەشانۆی ڕەسەنی کوردیی دوورتان دەکاتەوە، ئەوە بەرهەمی خۆرئاوایە و پەیوەندیی بە ئێمەوە نیە"

ئەوەش هەمان تێگەیشتنە، شانۆیەك کە بەرهەمی تازەگەری بێت و لانکەی بەهای ژیاری بێت بتەوێ بیگەڕێنیتەوە ناو بەهای کۆچەری و بیگوازیتەوە ناو دیمەنی لادێ و قۆناغی کشت وکاڵی هەڵگری چ مانایەکە

جگە لەوەی مانایەك هەیە و پێمان بڵێت ئەو شانۆکارە مرۆڤێکی دووفاقە و شانۆکەشی هەڵگری هەردوو بەهایە، بۆیە بۆتە جەستەیەکی نەخۆش لەڕۆحی شانۆکەدا.
بۆ ئەوەی ئەو شانۆیە ڕزگار بکرێت دەبێت لەوە تێبگەین شانۆی ئێمە بەهۆی شانۆکاری دووفاقەوە تووشی ئەو ئاستەی ئێستای بووە، لەلایەك ویسترا نوقمی کوردبوون بکرێت لەڕێگەی دیمەنی سادەی ڕابردووو لەلایەکیتر ئەو وێنەیەی بە وێنەی ڕاستەقینەی کولتور ناو برد، بۆیە ئەوە کێشە جەوهەریەکانی بەردەم ئەم شانۆییە.

(21)

ئەوەی شانۆی کوشت دەرکردنی جەستە بوو لەشانۆ و تەسلیمکردنی شانۆ بوو بە حیکایەت، لێرەدا لەنێوان جەستە و حیکایەت دەتوانین وا دەست نیشانی بکەین، کە جەستە توانای خوڵقاندنی زمانێکی شانۆیی هەیە کە بەرهەمی بیرکردنەوەی بوونی کوردیی بێت، بوونێك وابەستەی



گوتاری شانۆ بێت، لەکاتێکدا حیکایەت گواستنەوەی چیرۆکەکانە بۆ سەر شانۆ، بەبیانووی نە شێواندنی چیرۆکەکان دەبێت مرۆڤەکان ملکەچ بکەن بۆ حیکایەت، لێرەوە شانۆکاری کورد جەستەی نەبوو، بەڵکو مرۆڤێکی سۆفستایی سوکراتی بوو تەنیا قسەی دەکرد، هەر کاتێك حیکایەت تەواو بوو ئەویش تەواو دەبێت، بۆیە کە کەوتینە بەردەم مەرگی حیکایەتەکان خۆمان لەبەردەم مەرگی شانۆدا بینیەوە، کە ڕاستیەکەی ئەوە مەرگی شانۆ نیە، بەڵکو مەرگی حیکایەتەکانی شانۆیە.
نەك تەنیا چیرۆکەکان، بەڵکو مەرگی کارەکتەرە حیکایەتیەکانیش کە لەهەر دەییەك کۆمەڵێك مرۆڤی کردووە بە حیکایەت.. بەتایبەت لەهەفتاکان و نیوەی یەکەمی هەشتاکان، کە شانۆکارانێك کراون بە حیکایەت و لەگەڵ کۆتایی حیکایەتەکانی شانۆ ئەو مرۆڤە حیکایەتیەش تەنیا وەك ناوێك بوونی خۆی پاراستوە، بوونێك وابەستەی مەرگی حیکایەتەکەیەتی.

## (22)

ئێمە لێرەدا لەوە تێدەگەین کۆتایی شانۆ کۆتایی حیکایەت و سەرەتایەکیترە بۆ لەدایك بوونەوە، بوونێك کە دێتە دنیا وابەستەی خوێندنەوەی ڕەخنەییە بۆ کولتور و چۆنیەتی ئەو کولتورەیە لەناو نمایشی شانۆیی کە نەوەی حیکایەت تێی ناگات، بۆیە پێویستمان بە بوونی نەوەیەکی نوێیە کە شانۆ بەتەنیا لەناو سەرچاوە شانۆییەکانەوە نەبینێت، بەڵکو "شانۆ و زانست" و "شانۆ و فەلسەفە و "شانۆ و کولتور" و "شانۆ و کۆمەڵناسی" و "شانۆ و ئەنترۆپۆلۆژیا" و "شانۆ و فێمێنزم" هەموو ئەمانە لەیەکەیەکی نوێی شانۆیی و لەڕووبەرێکی نەخوێندراوە بخوێنێتەوە و لەناو ڕووبەری مەشق و گەڕانە شانۆییەکان لەئاستی تیۆریی و پراکتیکیدا کاری تیا بکاتەوە.